

# سەعدوون یوونس:
## کولتوور ناسنامەی میللەتە، هیچ میللەتێک بەبێ کولتوور ناتوانێ خۆی بە جیهان بناسێنێ.. دەقیش لە هەموو بەرهەمێکی هونەریدا بناغەیە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٣)

* هونەرمەند سەعدوون یوونس لە ناو خێزانێکی هونەریدا چاوی بۆ دنیا هەڵێناوە، باوکی وەک ئامێرژەنێکی هەوایی سەروکاری لەگەڵ مۆسیقادا هەبووە، هەر ئەوەش وای لەو هونەرمەندە کردووە، گوێچکە و هەستێکی مۆسیقایی لەلا دروست بێ، بەڵام بە پێچەوانەی خواستەکەی خۆی لە دنیای موزیک دوور دەکەوێتەوە و ڕوو دەکاتە دنیای شانۆ، چونکە چەپە بووەو نەیتوانیوە (عوود)، یان (کەمان) بەدەستە ڕاست بژەنێ.

* سەعدوون یوونس لە بوارەکانی شانۆ، درامای تەلەڤزیۆنی، درامای ڕایۆییدا کاری کردووە، نزیکەی نیو سەدەیە بەردەوامە و لە هونەرەکەی دانەبڕاوە، هەرچەندە ئەو زیاتر لە بواری (ئەکتەری) و (دەرهێنان) کاری کردووە، بەڵام کاری وێنەگریشی کردووە، بە تایبەتی بۆ شانۆییەکانی خۆی کاتێ ویستوویەتی بۆ تەلەڤزیۆن ئامادەیان بکات.

* ئەم هونەرمەندە بۆ یەکەم جار لە ١٩٦٧/٣/٢٧ چووەتە سەر تەختەی شانۆ، لە خانەی مامۆستایان لەسەر دەستی هونەرمەند (سەفوەت جەڕاح) بەهرەکەی لەو بوارەدا بە بینەران ناسێنراوە و دوو ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆییەکی کۆمیدی و شانۆییەکی تراجیدی پێ سپاردووە، لەبەر ئەوەی نمایشکردنی شانۆیی بە زمانی کوردی نەبووە، بۆیە لەو سەرەتایەدا بە زمانی عەرەبی لە هەردوو شانۆیی (الحل الأخیر) و (تجربة فقط) بەشداری کردووە.

* ساڵی ١٩٧٠ دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار کراوەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی کە سەیدا ساڵح یووسفی سەرپەرشتی کردووە، بە پێشنیاری خۆی شانۆگەرییەک بەناوی (چیرۆکی شۆڕشێک) دەهێنێتە هەولێر، ئەمە یەکەمین شانۆیی بووە کە لەدوای ١١ی ئازار بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، لەو کاتەشدا قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بووە، وەک سەرەتا و دەسپێکێک لە

هەولێر پێشوازی باشی لێ کراوە.
* ماوەی دوو ساڵ بەرنامەی (گۆڤاری هونەری) لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک بەڕێوە بردووە، ئەم بەرنامەیە کە دوو هەفتە جارێک بووە، هەر جارەی هونەرمەندێکی پێشەنگی تێدا بەسەر کردووەتەوە، پاش پێشکەش کردنی (٢٥) ئەڵقە، لەبەر سەرقاڵبوونی بەکاری هونەری ئەو بەرنامەیەی ڕاگرتووە.
* بێجگە لەوەی بەشداریکی چالاک بووە لە نووسین سەبارەت بە هونەر، بە تایبەتی هونەری شانۆ کە زۆری بە زمانی عەرەبی نووسیوە و لە ڕۆژنامەی (التآخي) و (طريق الشعب)دا بلاویانی کردووەتەوە، دواتر وەک ڕۆژنامەنووسێک لە ڕۆژنامەی (التآخي)دا کاری کردووە و لەوێ کراوە بە بەرپرس و سەرپەرشتیاری لاپەڕەی (کولتوور و هونەر) لەو ڕۆژنامەیە، لە ماوەی (٤) ساڵدا و تا ئەو ڕۆژەی داخراوە لەسەر کارکردن بەردەوام بووە.
* لە بەغدا لەسەر دەستی هونەرمەندانی گەورە و خاوەن ئەزموونی وەک: (سامی عەبدولحەمید، بەدری حەسوون فەرید، موحسین عەززاوی، بەهنام میخائیل، قاسم محەمەد...تاد. خوێندوویەتی و پەروەردە کراوە، لە زۆر کار و پرۆژەی هونەریی ئەوان و قوتابییانی بەشی شانۆشدا بەشداری کردووە.
* ماوەی شەش ساڵ، سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان بووە، لەو ماوەیەدا هەوڵی زۆری داوە لەگەڵ هاوەڵەکانی مافەکانی هونەرمەندان دەستەبەر بکات، لەو ڕووەوە خزمەتی زۆری کردوون.
* ئەو هونەرمەندە هەر لەو ڕۆژەوە کە هاتووەتەوە شاری هەولێر، هەوڵی داوە بە تەکنیکێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ هونەرمەندەکانی ئەو شارەدا بکات و سەرلەنوێ بەهرە و سەلیقە و تواناییان دابرێژێتەوە، بۆیە لەسەر دەستی ئەو زۆر هونەرمەند پێگەیین و ناسراون، زۆر هونەرمەندی دیکەش زیاتر درەوشاونەتەوە و لە ناو خەڵکیدا ناسراون.
* لەمێژ بوو لە گۆڤاری ڕامان دەمانویست گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز بدەین، بەڵام ڕێک نەدەکەوت، ڕێک نەکەوتنەکەش بە زۆری بۆ دووری، یان سەرقاڵی ئەو دەگەڕایەوە، تا ئەو دەرفەتە ڕەخساو توانیمان لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان و لە چەند دانیشتنێکدا بیدوێنین و سەبارەت بە ئەزموون و وێستگەکانی تەمەن و کاری هونەری ئەو دیالۆگە بکەین، هیوادارین لە سوود گەیاندن بە دوور نەبێت.




**ئازاد عەبدولواحید – سەعدوون یوونس**

**ڕامان:** سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین بۆ سازدانی ئەم هەڤپەیڤینە.

**سەعدوون یوونس:** زۆر سپاس، منیش دڵخۆشم بەم دانیشتنە، دڵنیام سەبارەت بە وێستگەکانی ژیانم، پێداچوونەوەیەکی جوان دەبێت.

**ڕامان:** ئەزموونت لەگەڵ چاوپێکەوتن چۆنە؟ ئەوەی من دیومە و لەگەڵ تۆ کراوە زۆربەیان سەرپێی بوون. ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمە لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازە. نازانم بۆچی تا ئێستا چاوپێکەوتنەکانت سەرپێین و تەمەنی دوورودرێژەی هونەریت بە تێروتەسەلی بەسەر نەکراوەتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە بۆ شێوازی کاری ئەو جێگایانە دەگەڕێتەوە کە چاوپێکەوتنەکەی لێ بلاو دەکەنەوە. خۆت دەزانی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی، هەر دەتوانێ بەشێک لە ئەزموون و ژیانت باس بکات، بەڵام شێوەی کارکردنی ئێوە شێوەیەکی ئەکادیمییە، ئەوە یەک، دووەم چاوپێکەوتنی ئێوە بەرفراوانترە و وەک ئەرشیف بۆ مێژوو دەمێنێتەوە، لەوانەیە خەڵکانێک لە داهاتوودا وەک سەرچاوە بۆی بگەڕێنەوە، بۆیە من دڵنیام شێوەی کاری ئێوە جیاوازە.

**ڕامان:** پێمانوایە ئەو چاوپێکەوتنە بەرفراوانانەی ئێمە لە گۆڤاری ڕامان دەیانکەین، لە داهاتوودا دەبنە هەوێنی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانتان، دواتر دەکرێ هەر ئەوەی ئێمە کردوومانە پەرەی پێ بدرێ و لەسەر شێوەی ئەوەی ئێمە ورووژاندوومانە بەدوویدا بچن و بیروەرییەکانی ژیانی هونەریی خۆتان بنووسنەوە و لە کتێبی تایبەتیدا

چاپی بکەن. بەهەرحاڵ سەرەتا پێم باشە بزانم لەوەتی تۆ بە پلەی سەرەکی لە بواری شانۆدا کارت کردووە، ئینجا لە درامای تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی و لەم دواییەشدا کاری سینەماییشت کرد و وەک ئەزموونێک چوویتە ناوییەوە، هەست دەکەی تا چ ڕادەیەک توانیوتە خزمەتێک بە بزاڤەکە بگەیەنی؟

**سەعدوون یوونس:** بەدڵنیاییەوە دەیڵێم و دیارە هەر کەسەو لەجێگای خۆی و لە ڕوانگەی هەوڵدانی خۆیەوە تەماشای کارەکان دەکا، بەڵام لەو بوارەی کە من کارم تێدا کردووە، نەڵێن باسی خۆی دەکات، من لە پێش هەموو هاوڕێیەکانی خۆمەوەم، ئەمە بە هونەر و بە توانایی و بە شێوەی کارکردن لەو بەرهەمانەی کە دەچنە ناو خەڵکەوە، چونکە بەڕای من دەبێ هونەر لە خەڵک وەربگیرێ، پاشان شێوەکەی جوان و پڕ مەغزا بکرێ و بگەڕێنرێتەوە بۆ میللەتەکە. تا ئێستا یەک لەو هونەرمەندە بەرچاوانەم، بەڵکو لە پێش هەموویانەوەم، لە دابینکردنی جێگایەکی بەرز و جوان لەناو میللەتەکەم.

**ڕامان:** پێم باشە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکان، بۆ ئەوەی بزانین بە ڕێکەوت بوو هاتیتە ناو دنیای هونەر، یان بەرنامەیەک لە پشتەوەت هەبوو، بۆ ئەوەی کاری هونەری بکەی، بەتایبەتی کاری شانۆ؟

**سەعدوون یوونس:** دەتوانین بلێین لێرە، لە کوردستانی ئێمەدا، ئەوکات دامودەزگایەک نەبوو، کە پلانێکیان بۆ دابنێ، هەموو شتێک حەز و ئارەزووی خۆت بووە، حەزی من لەناو ماڵەکەی خۆمانەوە هاتبوو، چونکە باوکم سەرپەرشتیاری مۆسیقای هێنانەخوارێی ئاڵای حکوومی بوو لەسەر بینایەی پارێزگای هەولێر، هەموو گرووپی مۆسیقا باوکم لەپێشیانەوە ڕادەوەستا و ئەو ئامێرە هەواییەی بووقی پێ دەڵێن، ئەوەی لێ دەدا، ئیتر ئەو ئاڵایە دەهاتە خوارێ، یان دەچووەوە سەرێ؛ لەکاتی چوونەوە سەرێیدا، دەبوو ئەوەی گوێی لێیە ڕابوەستێ و هەموو جۆرە جموجووڵێک لەناو شاری هەولێر بوەستێ، کەواتە باوکم لە هەستە مۆسیقییەکەدا کاریگەر بوو، تەنانەت کە خانەنشینیش کرابوو، هەندێ جار بانگیان دەکرد، ئەو مۆسیقایەکەی لێ دەدا، ئەوە ڕیتمێکی هەبوو، گوێچکەیەکی مۆسیقایی دەویست، لەبەر ئەوە پەروەردەکەشی لە ماڵەوە، هەر بەو شێوەیە بوو، کە من هەنگاوم بەرەو هونەر نا، یەکەم جار بەرەو مۆسیقا چووم، بەڵام لەبەر بەکارهێنانی دەستی چەپەم، کە من چەپەم و ناتوانم بە دەستی ڕاستم کار بکەم، تەنانەت نووسینیشم هەر بە دەستی چەپەیە، لەبیرمە لە خانەی مامۆستایان مامۆستا زیاء، مامۆستام بوو، گوتی دەبێ هەموو ئەو ئامێرانە بۆ تۆ سەروبن بکرێن، چونکە تۆ دەستە چەپەی، لە کاتێکدا هەموو ئامێرەکان بە دەستی ڕاستە لێدەدرێن.

**ڕامان:** مامۆستا زیاء کێ، ناوی باوکی چ بوو؟

**سەعدوون یوونس:** زیاء قەسابی پێ دەڵێن، نازانم ماوە یان نا، بەڵام لە کارەکانی خۆیدا ئینسانێکی زۆر جوان و دڵسۆز بوو.

**ڕامان:** ئەو کارەی باوکت دەیکرد ڕۆژانە بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ڕۆژانە بوو، هەموو بەیانان و ئێواران بوو، دوایی وای لێهات تەنیا ڕۆژانی پێنجشەممان بوو، پێنجشەممەکان ئێوارە و بەیانی بوو.

**ڕامان:** لەبیرمە تا هەشتاکانیش ئەوە مابوو، زۆرجار کە بە ڕێکەوت بەپێ بە بەردەمی پارێزگای هەولێر تێپەڕیوم، گوتوویانە بوەستە، ئەوە بووقەکەی لێ دا، ئاڵاکە بەرز دەکرایەوە. بێینەوە سەر مامۆستا زیاء قەساب، پێشنیاری چی بۆ کردی؟

**هەموو بەرهەمەکانم خەتێکی سیاسی و میللیی تێدا بووە، قەت هونەرێکی سادەم پێشکەشی جەماوەر نەکردووە.**

**سەعدوون یوونس:** پێی گوتم چاری تۆ لەلای مامۆستا (سەفوەت جەڕاح)ە، چووبوو بە مامۆستای گوتبوو، گەنجێکی چالاکە، دانانیشێت. ئەوکاتی ئەویش لە خانەی مامۆستایان، بە زمانی عەرەبی خەریکی شانۆ بوو، چونکە خوێندنی ئێمە هەر هەمووی بە زمانی عەرەبی بوو، کە چوومە لای گوتی دە وەرە بزانم! تاقیکردنەوەیەکی کردم، گوتی جێی تۆ شانۆیە، دوو شانۆگەریمان هەیە، یەکیان کۆمیدیایە، ئەوی دیکەشیان تراجیدیایە، ئەوکاتی ئاوا باسی شانۆ دەکرا، لە هەردووکی ڕۆڵی سەرەکیت دەدەمێ، چونکە تۆ زیرەک دیاری، واز لە مۆسیقا بێنە، وەرە لەگەڵ من ئەو دوو کارە بکە، تۆ چەپەی، ئامێرێک نییە بۆ تۆ دەست بدات. من زۆر حەزم لە کەمان و عود بوو، کەمان و عودیش لەگەڵ چەپەی من ڕێک نەدەکەوت.

**ڕامان:** ئەو ڕێکەوتە! لەبەر ئەوەی چەپە بووی وای لە تۆ کرد واز لە دنیای مۆسیقا بێنی، ئەوەت پێ ناخۆش نەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** پێم ناخۆش بوو، مامۆستا زیاء گوتی ئەگەر دەتەوێ فێرە ئەکۆردیۆن بی، فێرت دەکەم، گوتم نا من دەمەوێ کەمان، یان عود بژەنم. گوتی ئەو

دوو ئامێرە بۆ تۆ دەست نادا.

**ڕامان:** کاریگەریی ماڵەوەت لەسەر نەبوو کە تۆ شانۆ، یان مۆسیقا هەڵبژێری؟ یان زیاتر ئەو مامۆستایە ئاراستەی دەکردی؟

**سەعدوون یوونس:** زیاتر ئەو مامۆستایە بوو، کاریگەریی ماڵەوە تەنیا ئەوە بوو، کە من چوومە ناو دنیای هونەر.

**ڕامان:** لێرە کەمێک ڕاتدەگرم، بۆ ئەوەی بچینە ناو کەشوهەوای هونەریی شاری هەولێر، تۆ کە لە هەولێر بووی ئەو کاتە کاری شانۆیی چۆن بوو؟

**سەعدوون یوونس:** هیچ شتێک نەبوو ناوی کاری شانۆیی بێت، بە درێژایی ئەو ماوەیە هەر شانۆییەکیشم نەدی.

**ڕامان:** بە زمانی عەرەبی نەبوو، یان بەزمانی کوردیش نەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** نەک بە کوردی، هەر بە عەرەبییش نەبوو.

**ڕامان:** ئەوکاتە کە ئەو قاتوقڕییە شانۆییە هەبوو، ساڵی چەند بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ساڵی یەکەم کە چووینە سەر شانۆ ساڵی ١٩٦٧ بوو، ڕێک ٢٧ی ٣ی ١٩٦٧ بوو، یەکەم جار چووینە سەر شانۆ، دواتر زانیم ئەو ڕۆژە، ڕۆژی شانۆی جیهانییە.

**ڕامان:** ئەوکاتی تەمەنت چەند بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ١٩ ساڵ بووم، چونکە خۆم لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٨م.

**ڕامان:** لەو ١٩ ساڵەییەدا هیچ ڕێک نەکەوت، شانۆییەک لە هەولێر کرابێت، تۆ وەک بینەر بچیت سەیری بکەی؟

**سەعدوون یوونس:** هیچ نەبوو، بەڵام زۆر دەچوومە سینەما. سینەماش چۆن بوو، ئەگەر حەزم لە سینەما بووایە، حەزیشم لێ بوو هەمیشە بچم فیلم ببینم، باوکم لەگەڵم دەهات، بەڵام ئەو لەچایخانەیەک دادەنیشت، کە گۆرانییەکانی ئوم کەلسوومی لێدەدا، ئەو چایخانەیە لەبەرانبەر سینەما سەلاحەددین بوو.

**ڕامان:** چایخانەکە ناوی چ بوو؟

**سەعدوون یوونس:** لەبیرم نەماوە، ئێستا بووەتە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر، لەگەڵ باوکم دەچوومە دەرێ، ئەو لەو چایخانەیە دادەنیشت، منیش دەچوومە سینەما، کە فیلمەکە تەواو دەبوو و لە سینەما دەهاتمە دەرێ، باوکم لەوێ دانیشتبوو، دەستی دەگرتم



**ساڵی ١٩٧٠، بەغدا، پەیمانگای هونەرەجوانەکان، لەگەڵ مامۆستا حامید ئەلئەترەقچی.**

دەیبردمەوە ماڵێ.

**ڕامان:** من ئەو چایخانەیەم لەبیرە.

**سەعدوون یوونس:** بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، یەکەم جار گۆرانییەکەی ئوم کەلسووم، "انت عمري"م لەوێ گوێ داوەتێ، ئەوکاتانە لەگەڵ هونەر بەگشتی، لەگەڵ گۆرانی بە تایبەتی، دۆست بووم.

**ڕامان:** بێجگە لە مۆسیقا، بەهرەی نواندنت لە منداڵیدا پێوە دیار نەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** خەریکی لاساییکردنەوەی مامۆستاکان بووم، ئەوە شتێکی زۆر گرنگە، مامۆستا جەمال غەریب، مامۆستای عەرەبی بوو، بە شێوەیەکی زۆر سەیر وانەکانی عەرەبی بۆمان ڕاڤە دەکرد، ڕۆژێکیان گوتیان مامۆستا کە تۆ دەرۆی سەعدوون لاساییت دەکاتەوە، گوتی هەستە لەپێش خۆم لاساییم بکەوە. گوتم ئاخر تووڕەبوون نییە! گوتی نا تووڕە نابم. دیارە لاسایی دەبێ هێندێک موبالەغەی تێدا بکەی، هەستام کەمێک موبالەغەم تێدا کرد، زۆر تووڕە بوو. گوتی من قەت شتی وام نەکردووە دانیشە. دوای ئەو جوانترین لاساییم، لاساییکردنەوەی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی بوو. مامۆستا حەمە کەریم هەورامی تازە لە قاهیرە هاتبووەوە، دەرسی (دەروونزانی) پێمان دەگوت، بەژنی زۆر باریک و درێژ بوو، بە شێوەیەک دەرسی دەگوتەوە، شێوەکەی زۆر لە مامۆستاکانی دی جیاواز بوو، ئیتر ئەو دەڕۆیشت، منیش لاساییم دەکردەوە. ڕۆژێک گوتی وەرە لاساییم بکەرەوە. گوتم من لاسایی کەس ناکەمەوە، چونکە تووڕە دەبن. گوتی نا من تووڕە نابم. لاساییم کردەوە، ئەویش تووڕە بوو. زەمان هات و سووڕا، یەک لە جوانترین

ڕۆڵەکانی خۆم لە تەلەڤزیۆن، کە ڕۆڵی (خاتوو کلاوزەڕ) بوو، لە نووسینی حەمەکەریم هەورامی بوو، تۆ تەماشا بکە، بزانە ڕۆژگار چۆنە.

**ڕامان:** گوتت لەو چایخانەیەدا گوێت لە ئووم کەلسووم گرتووە، ئەی گۆرانیی کوردی نەبوو گوێی لێ بگریت؟

**سەعدوون یوونس:** لەبەر ئەوەی خوێندنەکەمان بە عەرەبی بوو، هەر گوێم دەدایە گۆرانی عەرەبی، عەبدولحەلیم حافز، یەک لەو گۆرانیبێژانەیە، کە زۆر کاری تێ کردم، وەختە بڵێم گۆرانییەکانی (عەبدولحەلیم حافز)م هەمووی لەبەر کردبوو، هەر بە منیان دەگوت سەعدوونلئەسمەر، ئاوام لێ هاتبوو، لەناو هاوڕێیەکانی خۆم، لەسەر جادە، لە ماڵەوە، بەردەوام گۆرانیم دەگوت. لەبەر ئەوەی ئەو خوێندنە عەرەبییە وای لێ کردبووم، پاشان کە بۆ ڕۆژنامە دەستم بە نووسین کرد، هەر بە زمانی عەرەبی بوو، چونکە ئێمە خوێندنمان بە کوردی نەبوو، ئەو گۆرانیبێژانەی گوێم لێ گرتوون، زیاتر عەرەب بوون، دیارە گوێم لە گۆرانیی کوردی ڕادەگرت، لەوکاتەدا پتر گوێم لە گۆرانی حەسەن زیرەک دەگرت، بەڵام ڕاستییت دەوێ زەوقم لێ وەرنەدەگرت.

**ڕامان:** ئەو گۆرانیانەی لەو زەمانەدا باو بوون، زیاتر ئی عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و ئەو گۆرانیبێژانە بوون.

**سەعدوون یوونس:** بە حوکمی ئەوەی ماوەی شەش ساڵ سکرتێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووم، لەگەڵ هونەرمەند تاهیر تۆفیق دادەنیشتم، هیچ کات تاموچێژم لە گۆرانییەکانی وەرنەدەگرت، لەبەر یەک شت، دەمگوت ئەو ڕۆشنبیریی نییە، پێم دەگوت تۆ گۆرانی دەڵێی، بەڵام خۆڕسک دەیڵێی، بۆ خۆت دەیڵێی. من وام هەست دەکرد کە هونەرمەند دەبێ توانایەکی ڕۆشنبیریی قووڵی هەبێت و زیرەک بێت، گۆرانیبێژەکانی خۆمان، کەسایەتییەکەیان بەو شێوەیە نەبوو، کە بۆ لای خۆیان ڕامبکێشن تا گوێ لە گۆرانییەکانیان ڕابگرم.

**ڕامان:** ئەوە ڕایەکی زۆر قورسە، کەواتە هۆیەک لە هۆیەکانی گوێ نەگرتنی تۆ بۆ گۆرانیی کوردی ئەوەیە کە ڕات لە ڕۆشنبیریی ئەو گۆرانیبێژانە نەبووە؟

**سەعدوون یوونس:** کەسایەتییەکانیشیان جێگای سەرنجی من نەبوون.

**ڕامان:** کەسایەتیی مامۆستا (تاهیر تۆفیق)ت پێ چۆن بوو؟

**سەعدوون یوونس:** پێم خۆش بوو کەسایەتییەکەی زۆر لەوە بەرزتر بوایە، بە تایبەتی لە ژیانی تایبەتی خۆیدا. پێشم گوتووە، با واقیعی قسە بکەم، ئەوەی لە زمانی منەوە دەیبیستی لە نرخی هونەریی مامۆستا تاهیر تۆفیق و پەروەردەکردنی نەوەیەک لە گۆرانیبێژان و لە گوێگران کەم ناکاتەوە، ئێستاش هەر ئەوە بیروڕای منە، هونەرمەند دەبێ کەسایەتییەکی تایبەتی هەبێ. هونەرمەند نابێ هەموو شەوێ بچێ لە یانەیەکی مەیخواردنەوە دابنیشێ و مەی بخواتەوە و کۆنترۆڵی خۆی لە دەست بدا، ئیدی کە تەماشای دەکەی ئەو ڕێزەی نامێنێت.

**ڕامان:** لام وایە زیاتر مەبەستت لە سیحر و خەرمانەی دەوری کەسایەتییەکەی بێ؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، زۆرجار بە برادەرانی ئێستاش دەڵێم، دەبێ هونەرمەند نموونەیەک بێ بۆ کەسانی دی، نابێ لە ئێوارەوە لە دەشتودەر و یانەکاندا سەیران بکات و دانیشێ، بە شێوەیەک خەڵک تەماشای بکات، لێرەدا ڕێزەکەی بزر دەبێت. من یەک لەو کەسانەم کە زۆر کەم دەبینرێم، تەنانەت ئەو ماوەیەی دێمەوە کوردستان هەروام، دوێنێ لەبەر برادەرێک چووینە بازاڕ، حەزم لێ بوو هەر یەک جار بچینە چایخانەی مەچکۆ و ناو بازاڕ، باوەڕ دەکەی لەچایخانەی مەچکۆ خاوەنەکەی سەیری پێ هات، چونکە هەر لەناو مەچکۆ بە تاک و بە کۆ، زیاتر لە ٥٠ وێنەم لەگەڵ گیراوە و لە فەیسبووک بڵاوکراونەتەوە، کە چوومە ناو بازاڕ لە هیچ دوکانێک نەبوو ڕانەوەستم، پێیان خۆشبوو وێنەیەکم لەگەڵدا بگرن، بابەتەکە چییە؟ ئەوەیە کە تۆ شتێکت کردووە، خەڵک تامەزرۆت بێ بتبینێ، چونکە لە شاشەی تەلەڤزیۆن دەتبینێ تۆ پلەیەکی تایبەتیت لەلای ئەو هەیە، هەوڵ دەدات بتبینێ، بەڵام کە تۆ هەموو ڕۆژێ لەسەر شەقامەکان بیت، لەناو یانەکانی مەیخواردنەوە بیت و لەپشت سەیتەرە و ئەو سەیرانگایانە دابنیشی، ئەوە لەگەڵ کەسایەتیی تۆ و ئەو بیروڕایەی هەڵتگرتووە و دەتەوێ بیگەیەنیتە خەڵک، دوو حاڵەتن لەگەڵ یەکتر ناگونجێن، لەبەر ئەوە بەرز ڕاگرتنی کەسایەتیی هونەرمەند زۆر زۆر پێویستە. من کە دێمەوە، ئەگەر بڵێی پارێزگا، ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان هەموویان دەرگایان کراوەتەوە و بەرپرسی

**ئەگەر هونەر لە ناو میللەت نەبێتە کولتوورێک، هەرگیز شتێک بە ناوی شانۆی کوردی نابێ.**

یەکـەمی ئەو جـێگایانەش دەبینم، زۆر لە برادەرانیش دەڵێن سەعدوون یوونس کارەکانی ئاسانتر لە ئێمە بۆ ڕایی دەکرێت. من دەڵێم نەخێر، بەڕای من ئەوە هی ئەو کەسایەتییەیە کە من بۆ خۆم دروست کردووە.

**ڕامان:** بێجگە لەوەش ئەو کەسەی ئەوەندە خەریکی چوونە یانەی شەوانە و سەیرانی پشت سەیتەرەکان بێت، بواری خوێندنەوە و خۆپێگەیاندنی نامێنێ، نەشونماکردن و گەشانەوەی خەیاڵ و بووژانەوەی هەستیشی کەمتر دەبێتەوە و کاڵ دەبنەوە؟

**سەعدوون یوونس:** من سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان بووم، بە حوکمی درێژی کاتەکە، شەش ساڵ زۆرە، تۆ سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان بیت، بۆیە هەموو هونەرمەندانم بەسەر دەکردەوە. ئەو هونەرمەندانەی ئێستا خاوەنی خانووی خۆیانن، هەموویان زەوییەکانیان لە کاتی مندا وەرگیراوە و دابەش کراوە، بەڵام من کە دەچوومە لای هونەرمەندەکان، با زۆر بەڕوونی باسی بکەم، چونکە ئەوە مێژووە، بۆ نموونە کە دەچوومە لای ڕەسووڵ گەردی دادەنیشتم، لە دە دەقە زیاتر نەمدەتوانی لەگەڵی دانیشم، چونکە هەستت نەدەکرد دەتوانی بیروڕایەکی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکەی، نەتدەزانی چی لەگەڵ باس بکەی، کە دەتویست باسی حەیران بکات، هەر دە دەقە دەیتوانی باسی بکات و ڕادەوەستا، یان لەگەڵ مامۆستا تاهیر تۆفیق، لە دوارۆژەکانی ژیانی مامۆستا تاهیر تۆفیق بەرنامەیەکم لە ماڵەکەی خۆی، لەسەر جێگاکەی خۆی بۆ کرد، دوا بەرنامە لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک لەگەڵ شەماڵ سائیب لە ژوورەکەی خۆی من بۆم کرد، لەو کاتەدا کە لە نەخۆشخانە بوو.

**ڕامان:** ناوی بەرنامەکەت چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** هەر بەرنامەی (گۆڤاری هونەر)م هەبوو، دوو هەفتە جارێک لەگەڵ زۆربەی گۆرانیبێژەکان ئەو بەرنامەیەم دەکرد.

**ڕامان:** ئەرشیڤی ئەو بەرنامەیەت ماوە؟

**سەعدوون یوونس:** نا، مەگەر لە تەلەڤزیۆنەکە مابێت، مەبەستم لەو قسانە چییە، کە چاوت لێ دەکرد، کەسایەتییەکان زۆر لە هونەرەکەیان گچکەتر بوون. شتێکی زۆر سەیر بوو، دەبینی وەک کەسایەتییەکە زۆر گچکەیە، لە هەمان کاتدا دەتدی هونەرەکەشی جوانە و پێشکەوتووە، یان هونەرەکەی پێشی خۆی کەوتبوو. لە ناو گەنجەکان، دەتوانم گوێ لە یەک دووانێکیان بگرم، لە کۆنەکان کەریم کابان باش بوو، لەلای ئەو هونەرمەندە هەستم دەکرد شتێک هەیە ناوی هونەری گۆرانییە.



**ساڵی ١٩٧٠، هەولێر، هۆڵی گەل، دیمەنێک لە شانۆیی «چیرۆکی شۆڕشێک»**

**ڕامان:** لەناو هەموو گۆرانی کوردی بێجگە لە کەریم کابان کێی دیکە هەبوون سەرنجت ڕابکێشن؟

**سەعدوون یوونس:** هیچ کەسی دیکە نەبوون.

**ڕامان:** ئەوانەی لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیش دەکەن، یان شوێنەکانی دیکە هیچ سەرنجیان ڕانەکێشاوی؟

**سەعدوون یوونس:** هیچ، گوێیان بۆ ڕادەگرم، بەڵام قەت هەوڵم نەداوە بیانبینم.

**ڕامان:** هەست ناکەی چێژی ئینسانی کورد، بەتایبەتی لەو قۆناغەدا کە تۆ باسی دەکەی، بە جۆرێک لە جۆرەکان تەعریب کراوە، بانگەشە بۆ گوێگرتن لەو گۆرانییە عەرەبییانە زۆرتر بووە، بۆیە گۆرانییە کوردییەکان بەلاوە نراون و بایەخیان پێ نەدراوە، ڕەنگە هاندەرت نەبووبێ گوێ لە گۆرانی کوردی بگری، ئەوەش وایکردووە زۆرتر بەلای گۆرانی عەرەبیدا بشکێیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ڕایەکەت تەواوە، بەڵام گۆرانیبێژە عێراقییەکانیش ئەودەم ئەو کەسایەتییەیان نەبوو، کە ئەوەندە گوێیان بۆ ڕابگیرێ، ئەودەم زۆر گوێم لە عەبدولحەلیم حافز، لە نەجات ئەلسەغیرە ڕادەگرت.

**ڕامان:** ئاخر تۆ باسی ئەوەشت کرد کە بێجگە لە گۆرانی، لە بواری شانۆ و نواندنیشدا، شانۆ و نواندنی کوردی نەبووە.

**سەعدوون یوونس:** ڕاستە ئێمە سەرەتا بە زمانی عەرەبی خەریکی نواندن بووین.

**ڕامان:** دەی خۆ ئەوە سەرنجێکی زەقە ئێوەی بەرەو تەعریبەکە بردووە، بۆیە بتەوێ و نەتەوێ لەناو قاڵبێکدا ژیاوی و بەرەو هونەری عەرەبی ئاراستەکراوی.

**سەعدوون یوونس:** بە تەئکید وایە.

**ڕامان:** بێینە سەر ئەو کاریگەرییەی باوکت، ئایا ئەو

کاریگەرییە هەر لەسەر تۆ بووە؟ لەناو خێزانەکەتاندا لەسەر کێی دیکە کاریگەری هەبووە، ئەو کاریگەرییە لەسەر برا و خوشکەکانت چۆن بوو؟

**سەعدوون یوونس:** باوکم لەبواری مۆسیقادا پیاوێکی زۆر بە زەوق بوو، بەڵام لەناو براکانمدا، کە ئێمە پێنج برا بووین، ئەوەی کاریگەریی لەسەر دانا، زیاتر من بووم، ئەو بەهرەیە لەوانی دیکەدا نەبوو، ئەوان نەچوونە بواری هونەرەوە، تەنیا من چوومە بواری هونەرەوە و تەنیا منیش چوومە دەرەوەی ماڵەوە.

**رامان:** کە هاتیتە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، لەوێ تووشی هیچ مامۆستایەک نەبووی هانی تۆی دابێت و بەهرەی تۆی ناساندبێ؟

**سەعدوون یوونس:** لە قۆناغی سەرەتایی نا، بەڵام لە قۆناغی ناوەندی مامۆستاکان هێندێک بایەخیان پێدام، بە تایبەتی مامۆستایان: جەلال غەریب، میدحەت سەفوەت، سامی...تاد.

**رامان:** ئەگەر ناوی باوکیشیت لەبیر بێ، پێم باشە بیڵێیت.

**سەعدوون یوونس:** بە داخەوە لەبیرم نەماوە، ئەوانە هەر هەموویان لەناو قوتابخانە پشتگیرییەک بوون، لاساییکردنەوە و نوکتەگوتنێک و جموجووڵێک هەبوو، بەڵام بە شێوەیەک رێک بخرێ و وەک شانۆیەک پێشکەش بکرێت و بینەری هەبێ، لە قۆناغی ناوەندی نەبوو، دوایی لە قۆناغی خانەی مامۆستایاندا ئەوە هاتە پێشەوە.

**رامان:** دەچینە سەر ئەو قۆناغەش، بەڵام ئێستا با باسی ئەو مامۆستایانە بکەین کە دەورێکیان لە ژیانی تۆدا هەبووە، ئەوانەش پێویستە بەسەر بکەینەوە.

**سەعدوون یوونس:** مامۆستا جەلال غەریب تا ئەو کاتەی لاساییم کردەوە زۆر پشتگیرم بوو، لەپاش لاساییکردنەوەکەی هێندێک لێم توورە بوو، بەڵام هەر پشتی تێ نەکردم، مامۆستا حەمە کەریم هەورامی بەراستی زۆر لەگەڵم رەفتاری جوان بوو، مامۆستا سامی کە ناوی باوکی نازانم، هەروەها مامۆستا میدحەت سەفوەت زۆر باش بوون، مامۆستایەکمان هەبوو کیمیای پێ دەگوتین، ناوی عەبدولعیرفان بوو، ئەویش ناوی باوکی نازانم، بەڵام جارێک لێرە لە هەولێر بینیم. دەزانی چۆنە، ئەمە بەپێی تەمەنە، ئەو مامۆستایانەی لاو بوون، لە تەمەنی لاوێتیدا زۆر پاڵپشتت دەبوون، بەڵام ئەو مامۆستایانەی کە تەمەنیان گەورە بوو، دەهاتن وانەکەی خۆیان دەگوتەوە و دەرۆیشتن، ئەوانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەرمان بەجێ نەدەهێشت. تۆ بڵێی ئەو شتانە هەمووی وایان کردبێ شانۆیەک هەبێ تا بتوانی بەشداری تێدا بکەی، نەخێر ئەوسا ئەوە هەر نەبوو بەشداری تێدا بکەی، واتە من کە جاری یەکەم چوومە سەر شانۆ، پێشتر هیچ شانۆگەرییەکم نەدیتبوو.

**رامان:** بەڵام دیارە تۆ بەهرەیەکت لەخۆتدا دۆزیوەتەوە، لەرێی لاساییکردنەوەوە نزیکی کاری نواندن بووی.. باشە لە هەولێر کەسێک، یان تیپێکی تایبەتی نەبوو بچی بۆ لایان، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ رێنماییت بکەن، یان تەشویقت بکەن و هانت بدەن، تا زیاتر بچیتە ناو ئەو دنیایەوە؟

**سەعدوون یوونس:** من هیچ شتێکم نەبینیوە.

**رامان:** دوای ئەوەی قۆناغی ناوەندیت تەواو کرد، یەکسەر چوویتە خانەی مامۆستایان؟

**سەعدوون یوونس:** چوومە خانەی مامۆستایان.

**رامان:** ئەی بۆ بیرت لەوە نەکردەوە خوێندنی هونەر هەڵبژێریت و لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بخوێنێ، یان لە جێیەکی ئاوا بیت؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوسا نەبوو، تەنیا یەک پەیمانگا هەبوو، ئەویش لە بەغدا بوو، چووم خانەی مامۆستایانم تەواو کرد، پاشان چووم پێنج ساڵیشم لە بەغدا خوێند.

**رامان:** خانەی مامۆستایانت لە هەولێر خوێند، یان لە جێیەکی دیکەدا؟

**سەعدوون یوونس:** لە هەولێر، لە گەرەکی سەیداوا بوو.

**رامان:** ئەوەیان چەند ساڵ بوو؟

**سەعدوون یوونس:** سێ ساڵ بوو. هەر لە سەرەتاوە کە چووین لەوێ دەوامی سبەینان هەبوو، دەوامێکی پاش نیوەڕۆیانیش هەبوو، ئەوەیان بۆ ئەو کارانە بوو کە پێوەندی بە کەسەکە خۆیەوە هەبوو، ئینجا وەرزشت دەویست، یان هونەر، بە هەموو بەشەکانییەوە، بە شێوەکاری و بە مۆسیقا و بە شانۆوە، دیارە من یەکسەر چوومە بەشە هونەرییەکەی پاش نیوەڕۆیان، وەک پێشتر گوتم ئەمە بە کاریگەری باوکم بوو، زۆر حەزم لە مۆسیقا بوو، گوتم با مۆسیقا بخوێنم، چەپدەستییەکە وای لێ کردم، بچمە شانۆ و بکەومە بەردەستی مامۆستا سەفوەت جەراح.

**رامان:** خۆ ئەویش چەپدەست نەبوو (بە پێکەنینەوە)؟

**سەعدوون یوونس:** نا ئەو چەپدەست نەبوو، شانۆ پێویستی بە چەپدەستی نییە، ئەو لە ئێواران بەرپرسی بەشی شانۆ بوو، ئیتر منی وەرگرت، لە بەغداش هەر

لەگەڵم بوو، واتە لێرەش و لە کاتی گەڕانەوە بەغداشمدا لەگەڵم بوو.

**ڕامان:** دێینەوە سەر قۆناغەکانی دیکەت، بەڵام لەو کاتانەدا تا گەیشتیتە قۆناغی خانەی مامۆستایان، لە بواری سیاسەتیشدا خۆت دۆزیبووەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ئا بەڵێ، ئەوە دەزانی چۆن بوو، لە تەیراوا گەنجێک هەبوو، هەموو سبەینان کە هەڵدەستاین، تەماشامان دەکرد سەر ئەو دیوارانە نووسراون.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوکاتە تەمەنم ١٥ ساڵێک دەبوو، ساڵی ١٩٦٣ بوو، تازە حزبی بەعس هاتبووە سەر دەسەڵات، حەرەس قەومی ئاگری دەکردەوە، کەچی سبەینان کە هەڵدەستاین دەماندی هەموو ئەو دیوارانە نووسراون، هەمووشی دژی حزبی بەعس و بژی کورد و بژی کوردستان بوون. دەتبینی چوار پێنج عەرەب کە حەرەس قەومی بوون کوردێک بۆ چاوساغی بەپێشیان کەوتووە، ئەوە لەپێش چاومە، بەشەرواڵەوە بەپێشیان کەوتبوو، ئەوانیش هەموویان عەرەب بوون. زۆر مەراقم بوو بزانم، دەمگوت دەبێ ئەوە چ زەلامێک بێ، وا بەو جۆرە بتوانێ ئەو هەموو کارە بکات، بۆ خۆشم زۆر خەریک بووم بزانم، ڕۆژێکیان کەسێک هات، گەنج نەبوو، لە من گەورەتر بوو، ناوی تەحسین بوو، ناوی باوکی نازانم، گوتی ئەوە چییە (مەبەستی نووسینی سەر دیوارەکان بوو)، گوتم نازانم، بەڵام ئەوە چ زەلامێکە بەو سەرکێشییەوە ئەو جۆرە ئیشە دەکات، منیش دەمەوێ وەک ئەو بکەم. گوتی دەتەوێ لەسەر دیواران بنووسی؟ گوتم ئا، بۆ لەسەر دیواران نەنووسم؟ ئەو کوردە، بەپێشی ئەو عارەبانە کەوتووە، ئەوە گەلێک ناشیرینە بۆ ئەو میللەتە، چەند جوانە بنووسرێ بژی کوردستان و بژی کورد. ئیدی گوتی باشە. ماوەیەکی پی نەچوو پێوەندی پێوە کردم و هات گوتی ئەوەی لەسەر ئەو دیوارانە دەنووسێت، ئەوە منم.

**ڕامان:** ناوی تەواوی چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ناوی باوکی نازانم.

**ڕامان:** دوایی لە هەولێر نەتبینییەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ماوەیەکی زۆر کورت لە حەفتاکان دیتمەوە.

**ڕامان:** لە بارەی ئەو ڕابوردووە قسەتان نەکرد؟

**سەعدوون یوونس:** نا، ئیتر ڕۆژێکی دایە من و گوتی ئەو شتانە بنووسە، تا شتەکان تەواو بوون دیوارم نووسی، هەر تەواو بووم، گیرام. خۆشم هەر دەمویست بگیرێم، زۆر سەیر بوو، کە ئەوەم کرد دەمگوت ئەو پیاوە بۆ بزر بوو، با بلێ کێ ئەو دیوارانەی نووسیوە.

**ڕامان:** ئاراستەی فیکری ئەو چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** مارکسی بوو، دواییش زانیم حزبی شیووعی هانی داوە، لەبەر ئەوە یەکەم حزب کە لە ژیانمدا کارم لەگەڵ کردبێ، حزبی شیووعی بوو.

**ڕامان:** کابرای زۆڵە کورد کە بەپێش عەرەبە حەرەس قەومییەکان کەوتبوو چی لێهات؟

**سەعدوون یوونس:** لە بەرانبەر ماڵمان لە تەیراوا کەندێک هەبوو، لەوبەری کەندەکە گۆڕەپانێک بوو، لەو گۆڕەپانە کوژرا.

**ڕامان:** کەواتە کاری سیاسیت لە قۆناغی خانەی مامۆستایانەوە دەستی پێ کرد. باشە ئەو ئیشەی کردت، لەسەر دیوار نووسین درێژەی کێشا؟

**سەعدوون یوونس:** درێژەی کێشا، حەرەس قەومی منی گرت، ئەوکاتی وەرزشی لەشجوانیم دەکرد، لاو بووم، منیان گرت هیچ گرفتێکم نەبوو، هەستم دەکرد لەشێکی ساغم هەیە، هێندێکیشیان لێدام و هیچ هەستێکم نەبوو، زۆر سەیر بوو، پێم خۆش بوو لێمیان دەدا، پێم خۆش بوو کە گیرام، دەمگوت ئەوە لەسەر شتێک لێم دەدەن، چونکە کارێکم کردووە، شتێکم نووسیوە، کە هاتمە دەرێ، باوکم هێندێکی دیکەی لێدام و گوتی تۆ گەنجێکی جارێ مووت لێ نەهاتووە، جارێکی دیکە کاری وا نەکەی، دەنا دەرتدەکەمە دەرێ. پاش لێدانێکی باش لە بەندیخانە کە هاتمە دەرێ هیچ هەستم بە پەشیمانی نەدەکرد. تەحسین ناوەکەم بینییەوە گوتم ئەوە چییە، تۆ تەنیا دیوار دەنووسی! گوتی نا، تۆ ئێستا سەلماندت دەتوانی بێیتە ناو حزبەکەمانەوە، ئینجا نازانم خولەکان چۆن بوون، لەوە ئاگادار نیم، بەڵام چەند گەنجێک کۆ دەبووینەوە و چالاکییان پێ دەسپاردین، ئیدی لە خانەی مامۆستایانیش لەسەر ئەوە بەردەوام بووم، بەڵام لە بەغدا بوومە ئەندامێکی چالاکی حزبی شیووعی و بۆ ماوەیەکی درێژ بەرپرسی حزبی شیووعی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووم.

**ڕامان:** دوایی دەگەینە ئەو جێگایەی لە بەغدا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئیشت دەکرد.. باسی سەرەتاکانی نزیکبوونەوەت لە نواندن لە ڕێی لاساییکردنەوەوە، کاری سیاسیت کرد، ئەی باسی خوێندنەوە، تۆ مەیلت بۆ خوێندنەوەی کتێب نەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** مەیلم بۆ کتێب خوێندنەوە یەکجار

زۆر بوو، لە قۆناغی خانەی مامۆستایان ڕۆژی کتێبێکم دەخوێندەوە، چونکە وای لێ هات ئەو برادەرە هەموو ڕۆژێ کتێبێکی مارکس، یان لینینی دەدامێ، هەر پێ ڕانەدەگەیشتم، چونکە شێوەی خوێندنەوەی ئەوکاتی وابوو، دەبوایە ئەو کتێبەی خوێندووتەوە بە کورتی لە دوو لاپەڕەدا بنووسیتەوە، ئەوجا کتێبێکی دی دەدامێ. وای لێهات ئاواتم ئەوە بوو بابەتێک، لە ڕۆژنامەیەکدا "طریق الشعب"یان پێ دەگوت بڵاو بکەمەوە، تا هەست بکەم شتێک فێر بووم، کاتێ نووسیم هێشتا "طریق الشعب" بە ئاشکرا نەبوو، بە نهێنی دەردەچوو، منیش بە ناوی "باوکی سەلام" یەکەم نووسینم لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کردەوە.

**ڕامان:** نووسینەکەت لەسەر چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** لەسەر کولتووری کوردی بوو، لەو وتارەدا ڕایەک لەلام دروست بووبوو، کە کولتوور ناسنامەی میللەتە، هیچ میللەتێک بەبێ کولتوور ناتوانێ خۆی بە جیهان بناسێنێت، هەموو میللەتێک بەڵگەی بوونی ناسنامەکەی، کولتوورەکەیەتی، واتە ڕۆشنبیری، هونەر، فۆلکلۆرەکەیەتی، کە ئەو لایەنانە ئێستا بەداخەوە هەموویان سەقەت کراون، کوردیش بەرەو ناسنامەیەکی نادیار دەڕوات.

**ڕامان:** کە ئەو کتێبە مارکسییانەت دەخوێندەوە، ڕێک نەدەکەوت لە پاڵیاندا کتێبی هونەری و ئەدەبی بخوێنیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** بێگومان دەمخوێندەوە، ئاخر دەبێ تۆ بزانی نووسینەکانی مارکس و لینین کاریگەرییان لەسەر ئەدەب و هونەر گەلێک زۆر بووە.

**ڕامان:** دەڵێم تەنیا ئەوانەت دەخوێندەوە؟

**سەعدوون یوونس:** تەنیا ئەوانە بوون، ماوەیەکی زۆر کەوتمە ڕۆمان خوێندنەوە، لە ناو ڕۆمانەکانی دەمخوێندنەوە زۆریان هی "حەننا مینا" و عەبدولڕەحمان مونیف بوون، کە کەوتمە سەریان و کۆمەڵێکی زۆرم لێ خوێندنەوە. جوبران خەلیل جوبران، نەجیب مەحفووز زۆرم لە ڕۆمانەکانیان خوێندنەوە، بەڵام لەگەڵ بیروباوەڕی نووسەرەکانیان ڕێک نەدەکەوتم، زۆر سەیرە، ڕۆشنبیرییە مارکسییەکە بەتەواوی و تا ڕادەیەکی زۆر لێی تێگەیشتم، وای لێهاتبوو هونەرەکەشم بەرەو سیاسەت دەڕۆیی. هەموو بەرهەمەکانی من لەسەرەتای ژیانمەوە، خەتێکی سیاسی و میللیی تێدا بووە، قەت هونەرێکی سادەم پێشکەشی جەماوەر نەکردووە.

**ڕامان:** نەجیب مەحفووزیش لەو خەتە فیکری و سیاسییە بەدەر نەبوو، خۆشی زیاتر بە ڕۆماننوسێکی واقیعی دەناسرێ.

**سەعدوون یوونس:** حەننا مینا، یان عەبدولڕەحمان مونیف، لەبەر ئەوەی ئەوانیش مارکسی بوون، وابزانم ئەوانیش ڕۆمانی واقیعییان دەنووسی، بۆ نموونە ڕۆمانی "الشرق المتوسط"، لەبیرمە لە هەشتاکان سەدایەکی زۆر گەورەی هەبوو.

**ڕامان:** لەبەر ئەوە بوو ئێمە خۆمان لەناو ڕۆمانەکەدا دەبینییەوە و بوێرییەکی زۆریشی تێدا بوو، بەڵام چونکە ئەو بەرەچەڵەک سعوودی بوو، دوکتۆراکەیشی لە نەوت بە دەستهێنا بوو، وەختی خۆی کە هاتبوو بۆ بەغدا نیشتەجێ بووبوو، ئەگەر هێڵی سووریشی بەزاندبا، بەسەر خۆیان نەدەهێنا، چونکە وایاندەزانی لەسەر سعوودیە و جێی دیکە نووسیویەتی.. سەرەتاکانی نووسینی تۆ هەر لەو ماوەیەدا بووە، هەمووی دەکاتە قۆناغی خانەی مامۆستایان، وانییە؟

**سەعدوون یوونس:** ڕاستە، هەمووی دەکاتە قۆناغی خانەی مامۆستایان، لە گەرمای تەمموزدا دەچوومە لایان و بابەتم بۆ ڕۆژنامەی "طریق الشعب" دەنووسی.

**ڕامان:** ئەو بیروباوەڕە ئومەمییەی لەلای تۆ دروست بووبوو، کاریگەریی لەسەر ئەو لایەنەوە نەبوو کە بەلای کوردێنی و کاری کوردیدا نەچیت، یان ئەو کاتانە شتی وا بە بیر و خەیاڵتدا نەدەهات؟

**سەعدوون یوونس:** دەزانی چییە، قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کە کورد لەناو میللەتێکی دیدا بتاوێتەوە، واتە ئەو بیرە مارکسییە لە کوردایەتیمی کەم نەکردبوو، قەت نەبووە وتارێک، نووسینێک، یان نووسینی سەر دیوارێک بنووسم، کە باسی کوردی تێدا نەکەم.

**ڕامان:** ئاخر حزبی شیوعی زیاتر خەریکی خەباتی چینایەتی بوو.

**سەعدوون یوونس:** ڕاستە خەباتەکە چینایەتی بووە، بەڵام هەستیشم بەوە دەکرد ئێمەی کورد ژێردەستین.

**ڕامان:** وەک گەلێکی ژێردەست، یەک لەو لایەنانەی نەتەوەی سەردەست گوشاری لەسەر دروست کردبوو و نەیاندەهێشت پەرەبستێنێ و پێش بکەوێ، زمانی کوردی بوو، هەڵوێستت بەرانبەر بەوە چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** هەوڵێکی زۆرم دا بە کوردی بنووسم، تەنانەت لە خانەی مامۆستایان شتێک هەبوو، هەفتەی جارێک، مانگێ جارێک بوو، "بڵاوکراوەی سەر دیواری" قوتابخانەیان پێ دەگوت، ئەگەر لەبیرت بێ بڵاوکراوەی سەر دیوار گەورە بوو، من لەوێ بە کوردی

دەستم بە نووسین کرد.

**ڕامان:** کە دەستت بە نووسینی کوردی کرد، یەکەم هەوڵی نووسینت ناوی چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** (من کێم؟) بوو، دوایی کردمە عەرەبی و بەناوی "من انا؟" بڵاوم کردەوە. وەک گەنجێک نووسیم، کە هەڵوێستی خۆم تێدا نیشان دابوو، هەستم دەکرد ئەو میللەتە شتی جوانی تێدایە، بەڵام هەموو ڕێگایەکی لێ گیراوە، دەبێ من کێ بم؟ یان بۆ من ناتوانم وەک خەڵکی تر ئیش بکەم؟ ئەوەم بە کوردی نووسی، کە دامە لیژنەکە دوودڵ بووم، ئاخۆ بڵاودەبێتەوە، یان نا؟ کە بڵاوکراوەکە لەسەر دیوار هەڵواسرا، چووم چاوم لێ کرد، وتارەکەم دەرچووبوو.

**ڕامان:** بڵاوکراوەکە ناوی چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** لەبیرم نییە.

**ڕامان:** ئەی ئەو کەسانەی بەسەری ڕادەگەیشتن، کێ بوون؟

**سەعدوون یوونس:** زۆرم پێ سەیرە، مامۆستا جەلال غەریب لە ناوەندی و لە خانەی مامۆستایانیش هەر لەگەڵ یەک بووین. مامۆستا (حەمە کەریم هەورامان)یش هەر لە خانەی مامۆستایان بینیمەوە، سەرەتا نەقڵ بوون، بەڵام نازانم لەو قۆناغەدا کە ئەوان نەقڵ کران ئێمە هاتینە ئەوێ، یان چۆن بوو؟ ئەوەندە دەزانم لەوێش بوون، لێرەش لەگەڵیان بووم.

**ڕامان:** دیارە بە ئاگاداری ئەوان ئەو بڵاوکراوانە دەرکراون؟

**سەعدوون یوونس:** بێگومان ئەوان سەرپەرشتییان دەکردن. مامۆستایەکی وەرزشمان هەبوو ناوی ناسر یووسف بوو، ئەوە لە کەنەدا عەمری خودای کرد، زۆر ڕۆشنبیر بوو، تا مردیش برادەرایەتیمان بەردەوام بوو، پیاوێکی مارکسی بوو، ئەو مامۆستایە پاڵپشتییەکی گەلێک گەورە بوو بۆ من، هەمیشە لە پشتم ڕادەوستا، کە دەیزانی من وەرزش دەکەم، دەیگوت وەرزشەکە وەک ئارەزوویەک بکە، بەڵام هەوڵ بدە لە هونەری شانۆدا سەرکەوتوو بە، چونکە بەهرە و سەلیقەت زۆرە. ناسر یووسف پیاوێکی ڕەخنەگریش بوو، لە هەموو کار و بەرهەمەکانمدا ئامادە دەبوو، دیارە زیاتر بە عەرەبی قسەی دەکرد، ئینسانێکی زۆر ڕێکوپێک بوو، کە سەرەتا (من کێم؟) بە کوردی نووسی، لەبیرمە گوتی ئەوە چییە، بە کوردی نووسیوتە؟ گوتی ئێمە دەمانەوێ ئەو بڵاوکراوەیە بە زمانی عەرەبیش دەربکەین، داوای لێ کردم نووسینەکە بکەمە عەرەبی، گوتی من پێیدا دەچمەوە. گوتم باشە، کردم بە عەرەبی، ئیدی نازانم بۆ پێداچوونەوەکە کێ کردی.

**ڕامان:** ئەو "(من کێم؟)ـە" چەندەم وتارت بوو کە بە کوردی نووسیبێتت؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە یەکەم وتاری کوردیم بوو.

**ڕامان:** وتارەکانی دیکەت بێجگە لە ڕۆژنامەی "طريق الشعب"، لە کوێی دیکەدا بڵاو دەبوونەوە؟

**سەعدوون یوونس:** زۆربەی زۆری لە "طريق الشعب"دا بڵاودەبوونەوە، لە ئاخریدا، لە قۆناغێکی زۆر دواییدا، لە "بیری نوێ"، پاشان لە ڕۆژنامەی "ئەلتەئاخی"دا دەمنووسی. ساڵی ١٩٧٠ کە تەئاخی لە بەغدا دامەزرا، من بووم بە سەرپەرشتیاری هونەری ئەو ڕۆژنامەیە، هەرچەندە پێوەندی حزبیشم بە پارتییەوە نەبوو.

**ڕامان:** بەڵام زۆر کەسی دی، لەوانە ڕوشدی ئەلعامل کە شیوعی بوو، هەروەها شاعیرێکی باش بوو، هەر لەو ڕۆژنامەیەدا کاری دەکرد، نووسەرە باشە عەرەبەکانیش زۆریان لەو ڕۆژنامەیەدا کاریان دەکرد و دەیاننووسی.

**سەعدوون یوونس:** لەوە بە دوا زۆربەی نووسینەکانم لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەبوونەوە، هەر لەوێ بوومە ئەندامێکی چالاک لە ڕۆژنامەی تەئاخی، دوای ئەوەی لە بەشی هونەر و کولتووری ڕۆژنامەکە دامەزرام.

**ڕامان:** کارێکی باشت کردووە، ئەو ساڵانە ڕۆژنامەی تەئاخی بوو بە ڕۆژنامەیەکی قورس و سەنگین، چونکە بۆ هەموو کەسێک لاپەڕەکانی کراوە بوو.

**سەعدوون یوونس:** ئێمە دەبێ ناوی کەسەکان بۆ مێژوو بپارێزین، یەک دوو نووسینم لە (تەئاخی)دا بڵاو کردەوە، دەمناردە بەشی هونەر و کولتوور و بڵاو دەبوونەوە. ڕۆژێک کە چووم، پارچە کاغەزێکم بۆ دانرابوو، گوتیان ئەو کەسە دەیەوێ تۆ ببینێ، لە کاغەزەکە نوسرابوو ئەحمەد جەزراوی. چوومە سەرێ، بینیم ئەحمەد جەزراوی جێگری سەرنووسەرە، لە لای من زۆر سەیر بوو، هەر بە عەرەبیش قسەی دەکرد، کە منی دی، بە عەرەبی گوتی من دەمویست تۆ ببینم، چونکە نووسینەکانت زۆر جوان بوون، زۆریش قووڵن، بۆیە گوتم دەبێ بتبینم، تاکو ببیتە بەرپرسی بەشی هونەری لە ڕۆژنامەکەدا، لەلای خۆم شێوەیەکم بۆ وێنا کردبووی، وامدەزانی کەسێکی بە تەمەنی، بەڵام ئێستا تۆ گەنجێکی بەو تەمەنە گچکەیەوە دەبینم، ئەوە تۆ ئەو بابەتانە دەنووسی؟ گوتم بەڵێ. گوتی وەرە ببە بەرپرسی بەشی هونەریی ڕۆژنامەکە، مووچەکەشت مانگانە دەبێتە ١٦ دینار.

**ڕامان:** ١٦ دینار بۆ ساڵی ١٩٧٠ کەم نەبوو.. تۆ هەر خۆت بۆ ڕۆژنامەی تەئاخی دەتنووسی، یان نووسینت لە هاوڕێ نووسەر و هونەرمەندەکانیشت وەردەگرت؟

**سەعدوون یوونس:** بابەت و نووسینی زۆر کەسم بۆیان دەبرد، یەکێک لەوانە (عبدالمنعم الأعسم) بوو.

**ڕامان:** چەند ساڵ لەوێ مایتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ماوەیەکی باش لەوێ بووم، تا ڕۆژنامەکە نەما، واتە لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ هەر لەوێ بووم.

**ڕامان:** تۆ کە ئەو هەموو وتارەت بڵاو کردووەتەوە، لە هیچیان پەشیمان نیت؟

**سەعدوون یوونس:** نەخێر، لە هیچیان پەشیمان نیم.

**ڕامان:** ئەی بۆ لە ساڵانی دواتر هەوڵت نەدا کۆیان بکەیتەوە و لە کتێبێکدا چاپیان بکەیت، چونکە ئەمەش بۆ خۆی گوزارشت لە قۆناغێکی بیرکردنەوە و ئەزموونی تۆ دەکات؟

**سەعدوون یوونس:** من زۆر گرنگیم بە کۆکردنەوەی ئەرشیفی خۆم نەداوە، کە ئەوەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە.

**ڕامان:** ئەوە هەر عەیبی تۆ نییە، هی هەموو نووسەر و هونەرمەندانی کوردە، کە نە نامە، نە وێنەی خۆیان، نە نووسینەکانیان ناپارێزن.

**سەعدوون یوونس:** هۆی سەرەکی ئەوەیە دامەزراوەیەکمان نییە بتوانێ ئەو ئەرشیفەت بۆ بپارێزێ.

**ڕامان:** ئێستا لەو قۆناغەدا تا دەبینە خاوەنی دەزگا و دامەزراوەیەکی ئەرشیفی، پێویستە هەر کەسە و ئەرشیفی تایبەتی خۆی بپارێزێ.

**سەعدوون یوونس:** هی خۆم چۆن بپارێزم؟ من لە هەولێر بووم، دوایی گوازرامەوە ڕومادی، سێ ساڵ لەوێ بووم، ئینجا گوازرامەوە بەعقووبە، لە بەعقووبە بەبێ جێوڕێ بووم، هاتمەوە بەغدا، لە بەغدا هەر بێ جێوڕێ بووم، هاتمەوە هەولێر، لێرەوە چوومە ئەورووپا.

**ڕامان:** منیش کە لە سلێمانی بووم، لەوێ دوای ڕاپەڕین جێمان نەبووەوە، ئەرشیف و کتێبەکانیان لەناو ماڵان دابەش کردبوو، کاتێک چوومەوە سەر حاسلات دەبینم یەک دنیا کتێب و نامە و وێنەم نەماون.

**سەعدوون یوونس:** من لەبەر ئەو گواستنەوە و بێ جێوڕییە کتێبێکم نەماوە. ئێستا تۆ چاو لێکە، بەرهەمە کوردییەکانی پێش ڕاپەڕین، هیچیانم نەماوە، بەشی زۆریان ون بوون.

**ڕامان:** ئەگەر تۆ بەو ئەرشیفەی خۆتدا بچیتەوە، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوت کردوونەتەوە، دەتوانی لە کتێبدا جێیان بکەیتەوە، نازانم ئەو کارەت پێ خۆشە نووسینەکانت وەک کتێب بێتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە؟

**سەعدوون یوونس:** بێگومان. جارێکیان لە جێگایەک لەگەڵ برادەری خۆشەویستم تارق جامباز کە پارێزەرە دانیشتبووین، گوتی دەمەوێ یەک شتت پێ بڵێم، گوتم بڵێ. گوتی تۆ بەشێکی گەورەی بیرەوەریی هونەری و سیاسیت لەلایە، بۆ یادەوەرییەکانت نانووسیتەوە؟ ئەوەندەی دەتوانی بینووسە، چاپی بکە و فڕێی بدە بازاڕ.

**ڕامان:** منیش لەسەرەتاوە پێم وتی هیوادارم ئەگەر نەتنووسیوە، ئەوەی ئێمە بە شێوەی چاوپێکەوتن دەیکەین و بڵاو دەبێتەوە، دواجار ببێتە هەوێنێک بۆ ئەوەی بیرەوەری خۆت بە نووسین درێژە پێ بدەی.

**سەعدوون یوونس:** با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، لە ئەڵمانیا ڕۆژێک ئافرەتێک بەڕێکەوت تەلەفۆنێکی بۆ کردم، دیار بوو ڕۆژنامەنووس بوو، چاوپێکەوتنێکمان بە قسە بە ڕێگای مەسنجەر کرد، خۆت دەزانی ئێستا ئینتەرنێت ئەوەی باشە ڕێگاکانی کورت کردووەتەوە، ئیتر چاوپێکەوتنەکەی بڵاو کردەوە، پاشان گوتی من چاوپێکەوتنێکی زۆر دەگمەنم لەگەڵ تۆ کرد، ڕات چییە هەموو لایەنێکی ژیانت بنووسمەوە و بڵاوی بکەمەوە؟ واتە خەریکی کۆکردنەوەی لاپەڕەکانی ژیانت بم. بەڕاستی زۆر بۆ ئەو کارە بە هەڵپە بووم، چونکە من کە دەست دەدەمە قەڵەم و دەنووسم، هێندێک لاوازم، یان باشترە بڵێم بێ تاقەتم و حەماسەتم بۆ نووسین نییە، بەڵام وەک ئەو گوتی کارێکی باشە، تەسجیلم بۆ دابنێ شریت پڕ دەکەمەوە، لەوەدا گرفتم نییە. پێم گوت گرفت نییە، ئەوە دەکەین. بۆ مێژوو دەیڵێم، چونکە ناتوانم نهێنییەکە تا سەر بپارێزم، لە ماوەیەکی زۆر کەم، چیرۆکێکی خۆشەویستی لای ئەو دروست بوو، پێی گوتم دەبێ چارەیەک بدۆزینەوە، با خێزانێک دروست بکەین، ئەوکاتی من ئامادەییم تێدا نەبوو، ڕاستە بەتەنیا دەژیام، سەمیرە خانی خێزانم وەفاتی کردبوو، بەڵام ئێمە بۆ پرۆژەیەک چووبووینە ناو بابەتەکەوە، لە چارەکی بابەتەکە بووین، شێوەیەکی دی وەرگرت، ئێمە یەکترمان نەبینیوە، ئیتر گوتم ئەوە دەبێتە چیرۆکێکی دوورودرێژ و گەلێک گەورە، ئەو بیرۆکەیەش لەلای من دروست نەبووبوو، ئەوەی لەلای من بوو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکە بکەین، بەڵام دیارە ئەوە هەستی بنیادەمە، لای ئەو بوو بە چیرۆکێکی تر، هەرچەندە زۆر

جوان ڕۆیشتبووین، زۆریشم پێ جوان بوو، ناچار ڕاوەستاین. دواتر لەگەڵ ئافرەتێک لە فەیسبووک، لەبەر ئەوەی لە فەیسبووک پەیجەکەی من زۆر دەوڵەمەندە، ئیتر وای لێهات قسە بکەین، ئەویش شاعیر دەرچوو، لێمی پرسی تۆ بۆ شتەکانی خۆت نانووسی؟ گوتم نەکەی! گوتی بۆ؟ گوتم دوایی بابەتەکە تێک دەچێت. من یەک لەو کەسانەم زۆر حەزم لێیە یادەوەرییەکانم بنووسم.

**ڕامان:** ئەگەر یەکێک هەبێت ئەو شتانەت بۆ کۆبکاتەوە و ڕێکی بخات و ئامادەی بکات بۆ چاپ، تۆ ڕێگری نابیت؟

**سەعدوون یوونس:** هەر زۆرم پێخۆشە، ئەگەر بێتو پڕۆژەیەکی وا بکەین، شتێکی زۆر جوان دەبێ.

**ڕامان:** هیوادارم زوو ئەوە بکرێ، چونکە ساڵ بە ساڵ یادەوەری مرۆڤ وەک خۆی نامێنی، ئەو حەماسەت و شەوق و زەوقەش ساڵ بە ساڵ بەرەو کزی دەڕوات، ڕەنگە ئەوەی ئێستا لەبیرتە، باشتر بێت لەوەی ساڵێکی دی لەبیرت دەمێنێ. ئێستا دوای قۆناغی سەرەتایی و بواری ئیشکردن و خوێندنەوە و نووسین و سیاسەتکردن، دوای ئەوەی خانەی مامۆستایانت تەواو کرد، بیرت نەکردەوە ببیتە مامۆستا؟

**سەعدوون یوونس:** ژیانی من بە پلەی دوو سیاسەت داگیری کرد، کە خانەی مامۆستایانم تەواو کرد، یەکەم بووم، لە خانەی مامۆستایان لەبەر ئەوەی یەکەم دەرچووم، دەبوو لە جێگایەکت دابنێن کە لە شارەکەتەوە نزیک بێ، واتە بۆ جێگای دوورت نانێرن، کەچی منیان هاویشتە قوتابخانەی گوندی زاگە، لای خەتی شەمامک و گوێڕ، ئیتر هەموو ڕۆژێ دەهاتینەوە، بەڵام کە زستان داهات، ناتوانی هاتوچۆ بکەی، بۆ خۆت دەزانی ڕێگاکە هەمووی باران و قوڕە، یەک شەو لە زاگە مامەوە، تەماشام کرد ژیانێکی یەکجار دواکەوتوویان هەیە، هیچ ئیمکان نەبوو بتوانم لەوێ بمێنمەوە، چونکە ئەوێ لەگەڵ بیروبڕوا و تاقەتی من نەدەگونجا، هەر ئێوارەکەی کە قوتابخانە تەواو بوو، برادەران گوتیان خواردن ئامادە دەکەین، من خۆم گورج کرد، گوتیان بۆ کوێ؟ نەمگوت دەچمەوە هەولێر، سەرەتا گوتم لەو دەوروپشتە دەبم. گوتیان باران و قوڕ و لیتەیە، پاشان گوتم من دەزانم چی دەکەم، کە بڕیارێکم دا تەواو. بە پێیان لە گوندی زاگەوە هاتمەوە هەولێر، بەیانی بەو جلە قوڕاوییەی خۆم چوومە لای بەڕێوەبەری پەروەردە، کە ناوی نەشئەت سەفوەت بوو، پەروەردە لە تەنیشت سینەما سەلاحەددین بوو.

**ڕامان:** ئەو شوێنە ماوەیەک ئۆفیسی گۆڤاری ڕامان بوو.

**سەعدوون یوونس:** ئێمەش وەک سەندیکای هونەرمەندان ماوەیەک لەوێ بووین. چوومە ژوورێ، یەکەم ژوور چاوم لێ کرد، خەڵکی لێبوو، کابرایەک بە تورکمانی قسەی کرد، منیش تورکمانییەکەم تەواو بوو، کە چوومە ژوورێ وەیزانی تورکمانم، یەکسەر گوتی ئەوە چییە! بە چ شێوەیەک هاتووی؟ ئەوە تۆ چی دەکەی؟ منیش گوتم من ئەو کەسەم کە ئاوهامە و ئەوهامە، ئێستا لە (زاگە)م، لەمڕۆوە ناچمەوە ئەوێ. ئەی بۆ یەکەم بووم؟ بۆچی منتان هاویشتە ئەوێ، لەوێ نە خوێندن هەیە، نە شانۆ هەیە، هیچی لێ نییە.

**ڕامان:** دایاننابووی چ دەرسێک بڵێیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** هەر لە بنەڕەتەوە لە بیرکاری زیرەک بووم، بنەماڵەی ئێمە هەموومان لە بیرکاری زۆر زیرەکین، پێیم گوت ئیتر من ناڕۆمەوە، من کەسێکم کاری شانۆییم کردووە. دیار بوو بۆ بینینی شانۆییەکانم هاتبوو، گوتی ئا ئا هاتووم، تۆم لەسەر شانۆ بینیوە کە نواندنت کردووە. گوتم من لەو جێگایەی داتانناوم دەمرم و هیچم پێ ناکرێت، نە دەتوانم بنووسم، نە دەتوانم بخوێنمەوە و نە دەتوانم کاری هونەری و هیچ شتێک بکەم، دەبێ شەو و ڕۆژ لە پێش فانووس دانیشم. گوتی هەر ئێستا نەقڵت دەکەم، هەرهەمان ڕۆژ منی بۆ شەمامک نەقڵ کرد، ئیتر هەموو ڕۆژێ دەمتوانی هاتوچۆ بکەم.

**ڕامان:** دیارە ئەوجارە ئەو شوێنەت بە دڵ بووە؟

**سەعدوون یوونس:** من دەمویست هەموو ڕۆژێ لە هەولێر بم، نەک بچم لە ژوورێک دابنیشم، ماوەیەکی زۆر کەم بوو، هیچمان پێ نەکرا، ئەوکاتی ساڵی ١٩٦٨، حزبی بەعس جارێکی دیکە هاتبوونەوە سەر دەسەڵات.

**ڕامان:** تۆ ئەو ساڵە لەوێ دامەزرابووی؟

**سەعدوون یوونس:** ئەو ساڵە لەوێ دامەزرابووم، کە ئەوان هاتنەوە هیچ بوارێکیان نەدام، بە ماوەیەکی کەم خەڵکێکی زۆریان نەقڵ کرد، نازانم لەسەر چ ئەساسێک بوو.

**ڕامان:** تۆشیان نەقڵ کرد؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، من ساڵی ١٩٦٨ کەوتمە ڕومادی.

**ڕامان:** هەر ئەو کاتەی بەڕێوەبەری پەروەردە تۆی لە شەمامک دانا؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، منیش کەوتمە ڕومادی،

بەتەنیا گەنجێک گوازرامەوە ئەوێ.

**ڕامان:** تا دوور نەکەوتووینەتەوە، پێش ئەوەی بچینە لای ڕومادی، لە ناوەندی و لە خانەی مامۆستایان، ئەو هۆڵ و تەختەی شانۆیانەی کە چوویتە سەریان و نواندنت لەسەریان کرد، ناویانت لەبیر ماوە؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، دیارە دوو شانۆیی بوون، یەکیان "تجربة فقط"، ئەوی دیشیان "الحل الاخير" بوو، کە هەردووکیان بە عەرەبی بوون.

**ڕامان:** مەبەستم ناوی هۆڵەکانە، نەک ناوی شانۆییەکان.

**سەعدوون یوونس:** لە سەیداوا، لە هۆڵی سانەوی ڕزگاری بوو.

**ڕامان:** کێ نووسیبوونی؟

**سەعدوون یوونس:** سەفوەت جەڕاح نووسیبوونی، لە ئەدەبی ئەرمەنی وەری گرتبوون، نووسرابوو "من الأدب الأرمني"، هەر خۆشی ئامادە و دەستکاری کردبوون، لە هەردوو شانۆییەکان، ئەو دەرهێنەریان بوو.

**ڕامان:** بۆخۆیشی لە خانەی مامۆستایان دەرسی دەگوتەوە و لەوێ بوو؟

**سەعدوون یوونس:** هەر لە خانەی مامۆستایان بوو، بەڵام بەرپرسی بەشی شانۆ بوو، هیچی دیکەی نەدەکرد، ئەوانەی لەو شانۆییانەدا لەگەڵم بوون، مامۆستا وریا ئەحمەد یەکێکیان بوو، کە ئێستا موزیکژەنە، ئەویش لە خانەی مامۆستایان لەگەڵمان بوو، مامۆستا یەحیا مەرجان بوو، کە وەک مامۆستایەک بەشداری لەگەڵمان کردبوو، مامۆستا واحید مەرجان کە لەو ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد، مامۆستا شەفیق ئەویش کۆچی دوایی کردووە، مامۆستا سەدیق عەبدولسەتتار، کە تا ئێستاکە ماوە و لە هەولێر دەژی، لە قۆناغێکی زۆر دواتر (قاسپەی کەو)ی بۆ تەلەفزیۆن نووسی، درامایەک بوو لە پێنج بەشدا، من وەک دەرهێنەر کارم تێدا کرد.

**ڕامان:** لەو قۆناغانەدا لە هیچ بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییدا بەشداریت کرد؟ نەورۆزێک، یان هەر یادێکی نیشتمانی دی؟

**سەعدوون یوونس:** هەرگیز، هەر بڕوام بەو شتانە نەبوو، ئێستاش تا ئەم چرکەیە دەڵێم بۆنە بە کردەوەیە، سازکردنی ئاهەنگی نەورۆز چ مانایەکی هەیە؟! واتە بچی لە دەرێ هەڵپەڕی و دەهۆڵ و زوورنا لێدەی و ئاگر بکەیتەوە.

**ڕامان:** بۆ نا؟ تۆ لەو کاتەدا پەیامێکت پێیە دەتەوێ ئەوە بگەیەنی.

**سەعدوون یوونس:** من قەناعەتم بەو شتانە نەهاتووە، ئەندامی حزبی شیوعی بووم، لە کاتی دامەزراندنی حزبی شیووعیدا، کە جەبهەی لەگەڵ حزبی بەعس هەبوو، شانۆگەرییەکیان لەسەر ژیانی فەهد کردبوو، من نە بەشداریم کرد، نە ئامادەی نمایشەکەش بووم، گوتم ئەوە هەڵەیە، شانۆ نابێ ببێتە کەرەستەیەک بۆ بۆنەکان.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە پێت بڵێم تۆ کە دەکەویتە بۆنەیەکەوە، ئەو بۆنەیە دەقۆزیتەوە تا لە پەنایەوە شتەکانی خۆت بڵێی.

**سەعدوون یوونس:** ئێمە هەموو شتێکمان دەکرد، خۆ خۆت لەو قۆناغەدا لەگەڵمان بووی، تا ئێستاش هیچ بەرهەمێک نەبووە بە ئاسانی بڕوات و بێتە دەست، تا ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم کە بۆ هیچ بۆنەیەک نابێ شانۆییەک، یان بەرهەمێکی درامی بەو بۆنەیەوە بکرێ، بۆ نموونە فیلمێک لەسەر پێشمەرگە بکرێ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەسەر پێشمەرگە بێ و لێرە دوو تەقە بکات، نا دەبێ فیلمێکی ڕیوائی بێ و ببێتە چیرۆکێک بۆ هەموو قۆناغەکان بژی، پێشمەرگە بنیادەمە، لەبەر ئەوە تەنانەت شێوەی ئەو چیرۆکەی کە دەنووسرێ، ئەو سیناریۆیەی بۆی ئامادە دەکرێ، پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، بە بڕوای من بەو شێوەیە ناکرێت تۆ بێی فیلمێک بۆ قۆناغێکی کاتی دروست بکەی، یان بۆ حاڵەتێکی کاتی بێ.

**ڕامان:** ئەوکاتەی لە خانەی مامۆستایان تەواو بووی، هیچ بیرۆکەی ئەوەت لەلا دروست نەبوو بۆ خۆت دەقی شانۆیی بنووسی؟

**سەعدوون یوونس:** نەخێر، لە بەغدا خۆم دەستم بە ئامادەکردن کرد، ساڵی ۱۹۷۰ یەکەم بەرهەمم وەک دەرهێنەر و ئەکتەر لە هەولێر پێشکەش کرد.

**ڕامان:** لە ساڵی ۱۹٦۸ کە بەعسییەکان هاتن تۆیان نەقڵی ڕومادی کرد، لە ڕومادی وەک مامۆستایەک لەوێ بووی؟ هەر خۆت بووی؟ لە کاری هونەری دانەبڕایت؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، وەک مامۆستایەک لەوێ بووم، هەر خۆم بووم، ئەوسا خێزان و منداڵم نەبوو.

**ڕامان:** لەوێ ئەو قۆناغەت چۆن لێ گوزەرا، بە تایبەتی کە لە هونەر دوور کەوتیتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** شتێکی زۆر سەیر، کە کەوتمە ئەوێ، لە ڕومادی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ناوی سەید جەعفەر بوو، ناوەکەیم لەبیرە، چونکە کەسێکی زۆر ڕێکوپێک بوو، گوتی نازانم من چۆن پێت بڵێم، تۆ گەنجێکی هاتووی بۆ ئێرە، من دەمەوێ بتپارێزم، بەڵام

باوەڕ دەکەی خەڵکێکی زۆر هاتوون دەیانەوێ بتبینن، دەڵێن دەبێ کورد چی بێت! دەیانەوێ کوردێک ببینن. گوتم یانی چۆن؟ گوتی نازانم.

**ڕامان:** بەو قسەیەت ڕا دیارە پێشتر ئەوێ کوردی لێ نەبووبێ، یان کوردی بۆ نەچووبێ؟

**سەعدوون یوونس:** وادیارە کورد پێشتر لەوێ نەبووبێ، وەک ئەو باسی دەکرد کوردی لێ نەبووە، بۆیە گوتی کوردیان نەبینیوە، خەڵکانێک لەو جێیەی ئێمەی لێ دەژین وا دیارە کوردیان نەبینیوە. دیارە کە من چوومە ئەوێ کوردیان بینی، ئەو گوتی خودا ڕەحمی کرد نموونەیەکی باشی کوردی لێ بوو، ڕێکوپێک و جحێڵێکی بەرچاو. ئیتر ئەو چوونەم کۆمەڵێک پێوەندیی زۆر بەرچاوی لێ کەوتەوە. دوای مانگێک دیار بوو سەفوەت جەڕاح بۆ بەغدا نەقڵ بووبوو، تیپی نەتەوەیی لە بەغدا دروست بووبوو، ئەویش داوای پێشکەشی ئەوێ کردبوو، بۆیە چووبووە بەغدا، پێوەندیمان لەگەڵ یەکتری هەبوو، ویستم بۆ شانۆ کاری لەگەڵ بکەم، گوتی وەرە شانست هەیە، لێرە خوێندنی ئێواران کراوەتەوە، بەڵام گرفت ئەوەیە تەنیا ١٢ قوتابی وەردەگرن، تۆ تەماشای خوێندنی ئەوکات بکە، ٧٠ کەس زیاتر پێشکەشمان کردبوو، بەڵام ١٢ کەسیان دەویست.

**ڕامان:** پێیان نەگوتی تۆ لەسەر چی نەقڵ کرایتە ڕومادی؟ لەسەر سیاسەت بوو؟

**سەعدوون یوونس:** کۆمەڵێک کەس بووین ئەوکاتی نەقڵ کراین، بێگومان لەسەر سیاسەت بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە وەک شیوعییەک ئەوها زەق بووبوویەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ئێمە کە لە (زاگە) بووین، یەک دوو جاران مەفرەزەی پێشمەرگە هاتنە لامان، ئیدی نازانم هی چ حزبێک بوون، سەرەمانگان ئەوەی پێیان دەگوت ئابوونە، پارەت دەدا، منیش وەک کوردێک پارەم دەدانێ، بەبێ ئەوەی بپرسم ئێوە پێشمەرگەی چ لایەنێکن، قەت ئەوەم نەپرسیوە، چونکە وەک پێشمەرگە دەهاتن، نازانم ئەوانی دی ئابوونەیان دەدا، یان نا، بەڵام من یەک لەوانە بووم، زۆرم پێ خۆش بوو کە ئابوونەم دەدا و نەشمدەزانی بۆ چ لایەنێکە.

**ڕامان:** چەند ساڵ لە ڕومادی مایتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** بە ڕومادی و فەللوجەوە سێ ساڵ بوو.

**ڕامان:** لە سێیەم ساڵ لەگەڵ مامۆستا سەفوەت جەڕاح ڕێکەوتن بچیتە بەغدا.

**سەعدوون یوونس:** نەخێر، هەر ساڵی یەکەم، دوو مانگی یەکەم.

**ڕامان:** ئەو پێوەندییەت چۆن ڕێک خستبوو؟

**سەعدوون یوونس:** من هەر لە سەرەتاوەماڵم لە بەغدا بوو، بەڵام لەنێوان ڕومادی و بەغدا پاس هەبوو، هەموو ڕۆژێک پاس دەچووە ڕومادی، منیش هەموو ڕۆژێک هاتوچۆی بەغدام دەکرد.

**ڕامان:** بە مەبەستی ئەوەی ئێواران لەوێ بخوێنی؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، بەڵام کە وەرگیرام مامۆستا سەفوەت جەڕاح گوتی لێرەوە نامەیەکت بۆ دەکەین، بیدە بە بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕومادی، بەڵکو بۆ جێیەکی باش نەقڵت بکات، هاتوچۆکەت لە ڕومادی نزیکتر بێ، کە چووم بۆ لای بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕومادی، گوتی تۆ قوتابی و لە ئێواران دەخوێنی؟ ئەوەم زۆر پێخۆشە، لە فەللووجەت دادەنێم و نەقڵی فەللووجەت دەکەم، فەللووجە جێگایەکی باشە، بۆ تۆ نیوەی ڕێگاکەیە، ئەوە دەتوانی هاتوچۆکەت بۆ بەغدا ئاسانتر بکات، ئیتر هەر مانگێک لە ڕومادی بووم، دوای دەستپێکردنی خوێندن منی نەقڵی فەللووجە کرد، لە فەللووجەوە هاتوچۆم دەکرد تا جارێکی دیکە نەقڵی بەعقووبە کرام.

**ڕامان:** چەند ساڵ لە بەعقووبە بووی؟

**سەعدوون یوونس:** چوار ساڵ لە بەعقووبە بووم، ساڵێک وەک مامۆستای هونەر، ساڵێکیش وەک بەڕێوەبەری قوتابخانە، ساڵێک لە چالاکی قوتابخانەکانی بەعقووبە، ساڵی چوارەمیش لە (ئامۆژگای هونەرەکانی ناو ماڵی کچان- معهد الفنون المنزلية للبنات) مامۆستا بووم، پاشان لە بەعقووبەوە گەڕامەوە هەولێر.

**ڕامان:** باسی چۆنیەتی وەرگرتنت لە خوێندنی ئێواران بکە، کە خوێندنەکەت کارێکی ئاسان بوو، یان بە زەحمەت وەرگیرای؟

**سەعدوون یوونس:** کە پێشکەشمان کرد، زیاتر لە ٧٠ کەس بووین، ئەوان دوازدە کەسیان دەویست، نووسرابوو بەشی شانۆ بە دوازدە کەس دەست پێ دەکات، نەک وەک خوێندنی ئێستای هونەرەجوانەکان، کە وەرگرتن بە شێوەیەکی زۆر نارێکە، دیارە وەرگرتن بە چاوپێکەوتن بوو، ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە مامۆستا سەفوەت جەڕاح هات و لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بوو، ئەوەی لە لیژنەکە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ئێمە کرد، هونەرمەند قاسم محەمەد نووسەری "هەبوو نەبوو" بوو، هەروەها هونەرمەند سامی عەبدولحەمید بوو، کە هونەرمەندێکی

بەناوبانگ بوو، تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە، مامۆستا بەدری حەسوون فەرید بوو، ئەمری خودای کردووە، مامۆستا حامید ئەلئەترەقچی بوو، ئەمری خودای کردووە، مامۆستا ئەسعەد عەبدولڕەزاق ئەوەدەم عەمید بوو، ئەویش ئەمری خودای کرد، کە ناوم خوێنرایەوە مامۆستا سەفوەت جەڕاح لەگەڵم هاتە ژوورێ، هەموو مامۆستاکانی دەناسی، لەبەر ئەوەی بووبووە بەڕێوەبەری تیپی نەتەوەیی سەر بە دەستگای سینەما و شانۆ لە بەغدا، گوتی بەبێ چاوپێکەوتن ئەو گەنجەم بۆ وەرگرن، لەسەر سیقەی من وەریگرن، پەشیمانیش نابنەوە، زۆریش خاوەن بەهرە و سەلیقەیە، ئەوانیش گوتیان باشە وەریدەگرین، بەڵام با شتێکمان پێشکەش بکات، مامۆستا سەفوەت جەڕاح برگەیەکی لە ڕۆمیۆ و جولێت دابوومێ لەبەرم کردبوو، برگەیەک لە دەوری ڕۆمیۆ، دیارە من بە عەرەبییەکەی لەبەرم کردبوو، لە چاوپێکەوتنەکەدا تەنیا بە شێوەی ڕاوەستانەکەم، کە ڕاوەستام و ویستم لەبەردەمی لیژنەکە قسە بکەم، لەبیرمە یەکسەر مامۆستا قاسم محەمەد گوتی بوەستە! گوتم چییە؟ گوتی تەواو، هەر لە شێوەی ڕاوەستانەکەت و ئەو گۆشەیەی کە لێی ڕاوەستاوی، پێویستت بە مامۆستا (سەفوەت جەڕاح)یش نییە، تۆ وەرگیرای، ئەوەبوو هەر نەیهێشت دیمەنەکە تەواو بکەم.

**ڕامان:** هەر خۆشت پرۆڤەت بەخۆت کردبوو؟

**سەعدوون یوونس:** هەر خۆشم پرۆڤەم بە خۆم کرد. لە ئەڵمانیا تووشی هەمان حاڵەت بووم، کاتێ یەکەم جار دەستم بە کاری هونەری کرد، ئەوەی لە بەغدا قاسم محەمەد گوتی پێویست بە مامۆستا سەفوەت جەڕاح ناکات، تەنیا ڕاوەستانەکەت کیفایەتە، تۆ ئەکتەرێکی سەرکەوتووت لێ دەردەچێ و سەرکەوتووش دەبی، کە وەرگیرام هەر پێنج ساڵ بە یەکەمی تەواوم کرد، تەنیا لە پۆلی دوو بەهۆی نەخۆشییەوە دووەم دەرچووم، کە دەریش چووم ئۆترووحەکەم بە یەکەم دەرچوو، دیبلۆمەکەشم بە یەکەم وەرگرت.

**ڕامان:** ئەو شانۆییەی وەک ئۆترووحە پێشکەشت کرد ناوی چ بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ناوی (الدراویش یجثون عن الحقیقة)ی مستەفا حەللاج بوو.

**ڕامان:** وا بزانم ئەو شانۆگەرییەت بە کوردیش پێشکەش کرد؟

**سەعدوون یوونس:** ڕاستە، بەڵام ناوەکەمان کردە (زولەیخا) و لەلایەن جەوهەر کرمانج کرایە کوردی.

**ڕامان:** ئەو ١٢ کەسەی لەگەڵت وەرگیران، نازانی کێ و کێ بوون؟ کوردیان تێدا بوو؟

**سەعدوون یوونس:** جگە لە خۆم، کوردی دیکەی تێدا نەبوو. سوبحی خەزعەلی لەگەڵم بوو، کە لە ژیاندا ماوە، زوهێر ئەلبەیاتی، لە ژیاندا ماوە، جەعفەر سادق لە ژیاندا ماوە، کۆنتاکتیشم بە تەلەفۆن و فەیسبووک لەگەڵیان هەیە، سەبیح عەتوان، شیووعی بوو لەگەڵمان بوو، ئیتر نازانم بە چ شێوەیەک ئۆتۆمبێل لێی دا و کوشتیان، تەلاڵ ئەلقەیسی، لە ژیاندا نەماوە، جاسم ئەحمەد جاسم، ئەویش زۆر هێمن بوو، لە ژیاندا ماوە.

**ڕامان:** چاکت ناوەکانت لەبیر ماوە!

**سەعدوون یوونس:** ئاخر تا ئێستا پێوەندیم لەگەڵیان هەیە.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایانەی ئێواران، هەر ئەوانە بوون کە بەیانیان موحازەرەیان دەگوتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** نا باشترینەکان و نموونەییەکان بوون، بۆ نموونە بەدری حەسوون فەرید دەرسی پێ دەداین.

**ڕامان:** بەدری حەسوون فەرید برایەکیشی هەبوو، تاریق حەسوون فەرید ئەویش هونەرمەندی بواری موزیک بوو.

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ ڕاستە، ئەو برایەشی دەوری هەبوو. سامی عەبدولحەمید، عەبدولوەهاب ئەلدایینی، موزەفەر ئەلشەذر، حامید ئەلئەترەقچی، هادی ئەلخوزاعی کەسێکی زۆر بەناوبانگ، بەهنام میخائیل، ئەمری خودای کردووە، ئەوانە دەرسیان پێ دەداین.

**ڕامان:** تۆ لە بەشی نواندن (تەمسیل) بووی، یان لە بەشی دەرهێنان؟

**سەعدوون یوونس:** تا سێ ساڵ بەشەکان تێکەڵن، بەڵام دوایی کەوتمە بەشی دەرهێنان.

**ڕامان:** دواجار پسپۆڕییەکەت لە دەرهێنان بوو؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، لە دەرهێنان بوو.

**ڕامان:** تا چ ڕادەیەک سوودت لەو خوێندنەت وەرگرت؟

**سەعدوون یوونس:** سوودێکی یەکجار زۆرم لێ وەرگرت، تا تەواوم کرد لە (٢١) شانۆگەری زیاتر بەشداریم کرد.

**ڕامان:** مامۆستاکانتان کاری دەرهێنانی شانۆییان دەکرد؟

**سەعدوون یوونس:** مامۆستاکان بۆ بینەران بەگشتی کاریان دەکرد، تا ئەو ڕۆژەی تەواوم کرد وەک ئەکتەر بە ڕەش و سپی لە ٤-٥ زنجیرەی تەلەڤزیۆنیدا لە بەغدا بەشداریم کرد.

**ڕامان:** قۆناغی خوێندنەکەت کەوتە ساڵی چەند تا چەند؟

**سەعدوون یوونس:** قۆناغی خوێندنەکەم ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ بوو. دەبوایە بێجگە لەتێزی دەرچوون سێ شانۆگەری بکەین، بەڵام لە قۆناغی چوار و پێنج دوو شانۆگەریی دیکەم دەرهێنا و لە هەشت شانۆگەریی قوتابییەکانیشدا بەشداریم کرد.

**ڕامان:** کۆی قوتابییانی ئێواران چەند کەس بوون؟

**سەعدوون یوونس:** یەکەم جار کە کرایەوە، بەشی شانۆ دوازدە کەس بووین، بەشی پەیکەرتاشی و شێوەکاری و مۆسیقاشی هەبوو، دیارە ساڵی دووەم و سێیەم و چوارەم قەڵەباڵغتر بوو.

**ڕامان:** ئەو ناوانەی ئێستا لەنێو شانۆی عێراقیدا ناوبانگیان پەیدا کردووە و وەک قوتابی لەگەڵت خوێندوویانە، کێ بوون؟

**سەعدوون یوونس:** بڕوات هەبێ زۆربەی ناوەکان کە دەوریان دەدی، ئەوانە دەرچووی ئێوارانەکە بوون، چونکە خوێندنی ئێواران لە هونەر زیاتر، هیچ دەرسێکی دیکەی تێدا نەبوو، واتە بیرکاری، ئینگلیزی، عەرەبی، جوگرافیا، مێژووی تێدا نەبوو، مێژووی دەرهێنان و شانۆ، میکیاج، مێژووی شانۆ، ڕەخنەی شانۆ بوو، دەرسەکان تەنیا تایبەت بە شانۆ بوون.

**ڕامان:** ئەی وانەی ئیلقا و دەنگ و پانتۆمایم؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، ئیلقا و دەنگ و پانتۆمایم (نواندنی بێدەنگ) هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئێواران کە دەردەچوون، ئەو هونەرمەندانە بوون کە بە باشی جێگای خۆیان دەکردەوە، ئەوانی بە ڕۆژ دەردەچوون، زیاتر دەبوونە مامۆستا و دەکەوتنە ناو قوتابخانەکان، یان لە گۆڕەپانی هونەریدا نەدەمان. بۆ نموونە سامی قەفتان لەگەڵ من بوو، موحسین عەززاوی قۆناغێک هاتەوە لامان و دەرسی پێ گوتین، کە شانۆگەرییەکانی دەکرد، قوتابییانی خوێندنی ئێوارانی بۆ کارەکانی دەبرد، چونکە دەیزانی ئەوانە بە بەهرەوە بۆ خوێندن هاتوون، نەک وەک ئەوانەی هاتوون ببنە مامۆستا و بڕۆن، بەدری حەسوون فەرید و ئەوانی دی هەموویان، ئەو ناوانەن کە لەلای ئێمە بوون.

**ڕامان:** دەتوانی هێندێک لەو شانۆنامانەی کە بەشداریت تێیاندا کرد ناویان بڵێیت؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، یەکیان "ڕاشمون"، شانۆگەرییەکی ژاپۆنی زۆر بەناوبانگە، محەممەد شەهاب ئەلبەیاتی قوتابی بوو دەریهێنا. "الصخرة"، شانۆگەرییەکی فوئاد ڕیکابی بوو، زوهێر ئەلبەیاتی دەریهێنا، من دەورم تێدا دی. "العشاق"، شانۆگەرییەکی فەڕەنسی بوو، "سور الصين"ی بەناوبانگ کە هی ماکس فریش بوو. دیارە هەموو ئەوانە بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار دەکران و پەخشیش دەبوون، ئەو شانۆگەرییانە کە دەکران، دوایی دەچوونە تەلەڤزیۆن تۆمار دەکران و پەخشیش دەبوون.

**ڕامان:** (شوورەی چین) من کردوومە بە کوردی و دوو جار لە هەولێر و سلێمانی نمایش کراوە.

**سەعدوون یوونس:** تۆ تەرجەمەت کردووە؟

**ڕامان:** بەڵێ.

**سەعدوون یوونس:** ئەوە شانۆییەکی بەناوبانگە، کاری دەرهێنانی شانۆگەرییەکە و دەورە سەرەکییەکەشیم بینی. لە زنجیرەکان "طوب أبو خزامة" بەناوبانگ بوو، "الضبع" یەکێک بوو لە زنجیرەکان، هەردووکی عەبدولوەهاب ئەلدایینی نووسیبوونی، ئەو نووسەرە یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە نووسینەکانی هەمیشە بینەرانی دەهەژاند. "البقرة الحلوب"، لەگەڵ تەها سالم لەسەر شانۆ و لە تەلەڤزیۆنیش دەورم بینی. "انتبهو أيها السادة"، لە هەولێر پێشکەشم کرد، کاتی خۆی تەرجەمە کرا، ڕەنگە جەنابت کردبێتت، وانییە؟

**ڕامان:** وایە، دوایی باسی دەکەین.

**سەعدوون یوونس:** بەڕێزان ئاگادار بن، لەناو هۆڵەکە کێشەی بۆمان دروست کرد. بە عەرەبی لە بەغدا پێشکەشمان کرد، شانۆگەرییەکی دیکەش هەبوو، زۆر بەناوبانگیش بوو هی عەلی سالم بوو.

**ڕامان:** پاڵەوانی ئاخر زەمان، ئەی من وەک ئەکتەر لەگەڵت نەبووم؟ کە ماوەیەک دەوری فریشتەی خێریشم تێدا بینی.

**سەعدوون یوونس:** ڕاستە، ئاخر پێشتریش بە عەرەبی ساڵی ١٩٧٣ کردبووم، کە تەواوم کردو یەکەم بووم، ئیدی ویستیان وەک بەعسییەک بە زەماڵە بمنێرنە دەرێ، گوتم نا، ئەوەندەی پێمە بەسمە، کەی دەرفەت ڕەخسا ئەوکاتی دەڕۆم. دوایی کێشەی ئیداری و ئەو شتانەی کە لەسەرم کەڵەکە بووبوون، تێپەڕین، گوتیان پێنج ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووە، ئیدی دەتوانی بگەڕێیتەوە، ئەوە بوو گەڕامەوە کوردستان.

**ڕامان:** تۆ پێشتر وتارت دەنووسی، دیارە ئەو قۆناغەی کە لە پەیمانگا قوتابی بوویت وتارت دەنووسی؟

**سەعدوون یوونس:** هەر ئەوکاتی بوو ماوەیەکی زۆر بوومە بەرپرسی هونەر و کولتوور و لە ڕۆژنامەی

"تەئاخی" دەمنووسی، دوایی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا دانرا، کە سەیدا ساڵح یووسفی سەرپەرشتی دەکرد، دوکتۆر مەعرووف خەزنەدار منی بردە ئەوێ و سمینارێکی سەبارەت بە هونەری شانۆی کوردی بۆ ساز کردم، لەوانەی لە بیرمە کە ئامادە بوون، چونکە هەستا قسەی کرد، حسەین عارف بوو، ئەو کاتی وابزانم ئەوانیش (ڕوانگە)یان جاڕدابوو، هەستا و گوتی ئەو گەنجە لە ئێمەشی تێپەڕاندووە. ئێستاش قسەکانیم لەبیرە، دواییش زۆر بووینە برادەر، لە کۆڕەکە باسی شانۆی کرد کە کورد پێویستی بە هونەری شانۆ هەیە.

**ڕامان:** بە ڕای تۆ بۆچی شانۆی کوردی لاوازە و گەشە ناکات؟

**سەعدوون یوونس:** ئەگەر هونەر لەناو میللەتدا نەبێتە کولتوورێک، ئەوە هەرگیز شتێک بە ناوی شانۆی کوردی نابێ، چونکە بە نمایشکردنی چەند شانۆییەک تۆ ناتوانی بڵێی شانۆی کوردیمان هەیە.

**ڕامان:** بەپێی ئەو قسەیە بێ، پێم وا نییە ئەمڕۆش شانۆمان هەبێ؟

**سەعدوون یوونس:** ئێستاش ئێمە شانۆمان نییە، شانۆ دەبێ ببێتە کولتوورێک، دەبێ ببێتە بەشێک لە ژیان، کات و پارەی بۆ تەرخان بکرێت، کە کاتی خۆت بۆ تەرخان کرد، دەبێ بەرێزەوە، بە سیستمێکەوە بچینە شانۆ، تاکو ئێستا ئێمە ئەوەمان نەکردووە.

**ڕامان:** کە کۆڕەکەت لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی بەغدا پێشکەشکرد، دواتر چۆن کەوتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** کە ئەوەمان پێشکەش کرد، سەیدا ساڵح یووسفی، منی کردە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکە، لەگەڵ دوکتۆر مەعرووف خەزنەدار بوومە ئەندام لەوێ، نەک هەر ئەندام، بگرە هەر یەکسەر بوومە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن، (ئەحمەد جەزراوی)ش جێگری سەرۆک بوو، خۆیشی لە ڕۆژنامەی تەئاخی بوو، دوکتۆر مەعرووف خەزنەدار و ئەوانیش دەستەی بەڕێوەبردن بوون، ئیتر هەموویان گوتیان با یەکێک لەناو دەستەکەماندا بێت لە هەموان گەنجتر بێ، لە یەکەم کۆبوونەوەدا سەیدا ساڵح یووسفی گوتی تۆ دەتەوێ چی بکەی؟ گوتم با شانۆگەرییەک لە شاری هەولێر بکەین.

**ڕامان:** دوایی ئەو شانۆگەرییە کرا؟ ئەگەر کرا ساڵی چەند بوو؟ ناوی چی بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە ساڵی ١٩٧٠، پاش ڕێکەوتنی ١١ی ئازار بوو، ساڵی یەکەمی خوێندنی پەیمانگام بوو، شانۆگەرییەکەم هەڵبژارد، کە ناوی "المسیح یصلب من جدید" بوو، کە هی نیکۆس کازانتزاکیسە، ئامادەکردنیم دایە سەمیر عەبدولسەتتار، ئەو لاوە ئەوەی بۆ ئامادە کردم، بەڵام هەموومان گۆڕی و ناومان لێ نا "چیرۆکی شۆڕشێک"، ئەوەبوو هاتمە هەولێر، ئەوکات پارێزگاری هەولێر عەبدولوەهاب ئەترووشی بوو، سەیدا ساڵح یووسفی نامەیەکی دامێ و گوتی بیدە پارێزگار، هاتم دامە پارێزگار، نامەکەی فڕێ دا و گوتی ئێمە ڕێگا نادەین بۆ من بێی مەلها دابنێی! ئەو قسەیەم قەت لەبیر ناچێ. گوتم بەڕێز مەلهای چی؟ ئەوە شانۆگەرییە. گوتی هیچ جیاوازی نییە، مەلها و شانۆ جیاوازییان نییە. پارێزگاری هەولێر ئەندامی سەرکردایەتیی حزب بوو، ئەو کاتی پارتی دەسەڵاتدار بوو، من زۆرم لا سەیر بوو، ناچار دەستم دایە جانتاکەم و چوومەوە بەغدا، یەکسەر چوومە لای دکتۆر مەعرووف خەزنەدار، گوتم منتان ناردووەتە لای کەسێک پێوەندیی بە هیچەوە نییە، کە قسەکانم بۆ گێڕایەوە، زۆری پێ ناخۆش بوو، نازانم چ پێوەندییەک لەگەڵ پارێزگار کرابوو، گوتی دەڕۆیتەوە و بەردەوام دەبیت و ئیشەکەی خۆت دەکەی. هاتمەوە ئێرە، ئەوجارە پارێزگار بۆچوونەکەی تەواو گۆڕابوو، نازانم بە حوکمی پێوەندییەکەوە بوو، یان چی ڕووی دابوو؟ ئیتر ڕێگای دا لە هۆڵەکە پرۆڤەی شانۆگەرییەکە بکەین، سەمیر عەبدولسەتتار، وشیار سەید ئەحمەد، مەحموود ئەحمەد، دەوریان تێدا بینی، ئەو ناوەی دواییان لە کاتی خۆی لە خانەی مامۆستایانیش لەگەڵم بوو، خۆشم دەورم تێدا بینی.

**ڕامان:** ئەی دەوری ئافرەتی تێدا نەبوو؟

**سەعدوون یوونس:** دەوری ئافرەتی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوکاتی من دژی ئەوە بووم پیاو بێت دەوری ئافرەت ببینێ، کە بابەتەکەمان هەڵبژارد وامان لێ کرد ئافرەت هەبێ، بەڵام لەسەر شانۆ ئامادەیی نەبوو، شانۆگەرییەکە سەدایەکی یەکجار زۆری هەبوو، بۆخۆشم دەرهێنەر بووم.

**ڕامان:** پێم بڵێ کێ پشتیوانیی دارایی کردن؟

**سەعدوون یوونس:** هەر لە بەغدا سەیدا ساڵح یووسفی کردی.

**ڕامان:** ئەوکاتە زۆری تێچوو؟

**سەعدوون یوونس:** باوەڕ ناکەم، پێیان نەگوتین چەندی تێچووە، دواییش بردمان لە شاری سلێمانی پێشکەشمان کرد.

**ڕامان:** بەڕای تۆ یەکەم شانۆیی کە بە زمانی کوردی پاش ڕێکەوتنی ١١ی ئازار پێشکەش کرابێت، ئەوە

بوو؟

**سەعدوون یوونس:** بە قەناعەتی من هەر ئەوە بوو، دوایی بوو بە (جەنگاوەرێکی شێت).

**ڕامان:** ئەوەیان هی کێیە و کێ نووسیوبەتی؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوەیان نووسینی تەڵعەت سامان بوو، بەڵام دەرهێنانەکەی هی من و هونەرمەند فەرهاد شەریف بوو.

**ڕامان:** ئێستا دێینە سەر ئەوەش، دەمەوێ بزانم پێشوازیکردنی شانۆییەکەتان لەلایەن بینەرەوە چۆن بوو؟

**سەعدوون یوونس:** یەکجار زۆر گەرموگوڕ بوو، ئەوکاتی کە شانۆگەرییەک دەکرا، دەبوایە گۆرانیشی لەگەڵ دابەزێ، دەبوو سەماکەرێکی ژنیش لە مووسڵ بێنن لەسەر شانۆ سەما بکات، تا خەڵک بەو هۆیەوە ڕاکێشن، لێرەوە من بڕیارم دا و گوتم نەخێر، شانۆگەری شانۆگەرییە، شانۆگەرییەک دەکەین سەعات و نیوێکی تەواو، بەڵام بەبێ گۆرانی، بەبێ سەماکەری ژنیش، بۆ ئەوەی شتێک بێ بەناوی شانۆگەری، ئەوە یەکەم شانۆگەری بوو بەو شێوەیە بکرێ، پاشان چووینە شاری سلێمانیش، بە هەمان شێوە پێشکەشمان کرد.

**ڕامان:** پارێزگاری هەولێر کە بە هێنانی ژنێکی لە مووسڵەوەی زانیوە، بۆیە شانۆی بە مەلها شوبهاندووە.. باشە شانۆییەکە بە بلیت بوو؟ پارەی بلیتەکەی چەند بوو؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، بە بلیت بوو، پارەکەی زۆر کەم بوو، وابزانم پەنجا فلسێک بوو، هەر ئەوەندە بوو.

**ڕامان:** چەند ڕۆژی خایاند؟

**سەعدوون یوونس:** ماوەیەکی باشی خایاند، دڵنیام زیاتر لە پێنج ڕۆژ ئەو هۆڵە قەپات بوو، یەکەم جار بوو خەڵکێکی ئاوا بێن تەماشای شانۆ بکەن، هەر ئەوەش بووە هاندەرێک تا بیبەینە سلێمانی، ئەگەر ئەوە نەبوایە نەدەچووینە سلێمانی. لە سلێمانیش بە هەمان شێوە بە گەرموگوڕی پێشوازی لێ کرا. یەکەم جار لە سەرچنار، دواتر لە ناو شاری سلێمانیش کردمان، وابزانم دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ لە سلێمانی بووین.

**ڕامان:** هۆڵەکانت لەبیرە لە چ هۆڵێک نمایش کران؟

**سەعدوون یوونس:** لە هەولێر هەر لە (هۆڵی گەل) کردمان، لەبیرمە لە شاری سلێمانیش ئەوکات هۆڵێک بوو شانۆگەرییان تێدا پێشکەش دەکرد، کە هۆڵی قوتابخانەیەک بوو.

**ڕامان:** قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی، ئەوە بەناوبانگ بوو. باشە دوایی گەڕایتەوە بەغدا؟

**سەعدوون یوونس:** دیارە لە پەیمانگا ساڵی یەکەمم بوو، ساڵی یەکەم بێ و ببیتە دەرهێنەر و ئەکتەر و بەرهەمیش پێشکەش بکەیت، کارێکی ئاسان نییە.

**ڕامان:** ئەی وەک نووسین و ڕەخنە لەسەریان نەنووسیت؟

**سەعدوون یوونس:** زۆریان نووسی، هەر زۆر بە گەرمیش پێشوازی لێکرا.

**ڕامان:** نووسینەکان لە کوێ بڵاوبوونەوە؟

**سەعدوون یوونس:** هەر خۆمان لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی گۆڤارێکمان هەبوو بەناوی "ڕۆژی کوردستان" کە بە زمانی عەرەبی و کوردی بوو، لەوێ بە تەواوی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرا، لە ڕۆژنامەی (تەئاخی)ش زۆر نووسین بڵاوبوونەوە، خۆشم شتێکم لەسەر نووسی، بەڵام بە ناوێکی خوازراو، هەر لە ڕۆژنامەی تەئاخی بڵاوم کردەوە.

**ڕامان:** شانۆییەکەی خۆت هەڵسەنگاند؟ لەبیرمە لە هەشتایەکان شێرکۆ بێکەس کارێکی وای کرد و چوو لەسەر شانۆنامە شیعرییەکەی خۆی (ئاسک) بابەتێکی نووسی و لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بەناوی (نەوزاد ئەحمەد) بڵاوی کردەوە، دواتر کە زانرا ئەوە نووسینی (شێرکۆ بێکەس)ە لێی بووە هەڵڵا و هەرایەکی گەورەی لەسەر دروست بوو.

**سەعدوون یوونس:** خۆم هەڵمسەنگاند، کە دامە ئەحمەد جەزراوی بڵاوبووەوە، ئێستاش نازانم بە چ ناوێک بڵاوم کردووەتەوە.

**ڕامان:** ئەگەر ناوەکەت هاتەوە بیر بیدرکێنە، با لە داهاتوودا ون نەبێت و بزانرێت ئەو ناوە خوازراوە خۆت بووی.

**سەعدوون یوونس:** دەزانی مەسەلەکە چۆن بوو؟ ئەحمەد جەزراوی گوتی ئەو کابرایە شتێکی باشی لەسەر شانۆکەی تۆ نووسیوە، باش تۆی هەڵسەنگاندووە، منیش سەرەتا پێم نەگوت ئەوە منم.

**ڕامان:** ئەوەت پێ کارێکی ڕاست بوو، کە خۆت بێی بەرهەمی خۆت هەڵبسەنگێنی؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، چونکە زۆر ڕاستگۆیانە نووسیبووم، هەڵسەنگاندنەکەم لە دەرەوەی خۆم وەک دەرهێنەر و ئەکتەر نووسیبوو.

**ڕامان:** هەموو کەموکووڕییەکانی خۆت تێدا نووسیبوو؟

**سەعدوون یوونس:** هەموو شتێکم تێدا نووسی، کە ئەو هەڵسەنگاندنەم خستە بەردەمی خوێنەران، بەپێی سەدا و پێشوازیی خوێنەران، ئەو هەڵسەنگاندنەی نووسیبووم،

زۆر زانستیتر بوو لەو بابەتانەی لە گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان"دا بڵاوبووبوونەوە، تەنانەت ئەحمەد جەزراوی گوتی پێوەندییەک بەو نووسەرەوە بکە، با بۆمان بنووسێ و بەردەوام بێ، چونکە زۆر جوان و ڕێکوپێک دەنووسێ. گوتم ڕەحمەت لە باوکت پێوەندی بە کێوە بکەم، ئەوە لەبەرانبەرت دانیشتووە. گوتی بۆ تۆ نووسیوتە؟ گوتم ئەرێوەڵا. گوتی ئەی بۆ قسەت نەکرد؟ گوتم لەوەی دەترسام بڵاوی نەکەیتەوە، گوتی نا زۆر عەنتیکەت نووسیوە. گوتم لە دەرەوەی خۆم نووسیم، خۆم وەک دەرهێنەر لێی هێنا دەرێ.

**ڕامان:** ئەگەر لە داهاتوودا یەکێک ویستی بەرهەمەکانت کۆ بکاتەوە پێویستە بزانێ ئەو ناوانەی پێشتر وەک ناوی خوازراو بەکارت هێناون و بابەتت پێیان بڵاو کردووەتەوە، چی و چی بوون.

**سەعدوون یوونس:** بێگومان زۆربەی بەرهەمەکانی من کە پێوەندییان بە سیاسەتەوە هەبوو بە ناوی (ئەبوو سەلام)ەوە بڵاوم کردوونەتەوە، بابەتە هونەرییەکانم دەکردە سەعد یوونس، "واو" و "نوون"ەکەم لێ هەڵگرتبوو. زۆر کەس دەیپرسی ئەوە براتە؟ پێیانم دەگوت نا نەخێر، هەر ناشیناسم. دەڕۆیی دەچووە ڕۆژنامەکە دەیپرسی. لە دوا قۆناغدا بە ناوی گچکەترین کوڕم، "سیزا"وە نووسینەکانم بڵاودەکردەوە، نەمدەگوت سیزا سەعدوون، هەر دەمنووسی سیزا یوونس.

**ڕامان:** بۆ ئەوەی لە داهاتوودا گرفت دروست نەبێ، زۆر پێویستە ئەو بابەتانەی کە نووسینی خۆتن، وەک مافێک بخرێنەوە ناو ئەرشیڤی خۆتەوە.

**سەعدوون یوونس:** تۆ زۆر جوان توانیت بیرەوەرییەکە بجووڵێنیتەوە، خەڵک بیر لەو شتانە ناکاتەوە، من باوەڕ ناکەم ئەوەی بەرهەمی خۆم بێ لەسەریم نەنووسیبێت و بڵاوم نەکردبێتەوە.

**ڕامان:** هەر هەموو کارەکانت، تەنانەت کاری منداڵانیشت؟

**سەعدوون یوونس:** هەر هەمووی، هەرچیم نووسیبێت و بە ناوێکی دی بڵاوم کردبێتەوە، لەبەر ئەوە بووە کە هەستم دەکرد ئەو نووسینانەی لە بارەیانەوە دەنووسرێن، هەقی خۆیان نەداوەتێ.

**ڕامان:** هەقی خۆی نەداتێ بخەرە ئەولاوە، زۆر جاریش لەوانەیە کارە هونەرییەکانت پشتگوێ خرابن و تێپەڕبووبن بێ ئەوەی کەس ئاوڕێکیان لێ بداتەوە و لەسەریان بنووسێ.

**سەعدوون یوونس:** لەبیرمە لە بارەی شانۆگەریی "قەڵای دمدم" وتارێکم بە سێ بەش لەسەر نووسی و لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە بەغدا بڵاوبووەوە، ئەوکاتی بەڕێوەبەری گشتی موسڵێح جەلالی بوو، مۆبایل نەبوو، تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ ماڵێ و گوتی تۆ دەرهێنەری ئەو شانۆیەی؟ گوتم بەڵێ. گوتی ئەو کەسەی لەسەر ئەو شانۆیەی نووسیوە ڕەخنەگرێکی زۆر نایابە، دیارە ئەمەشیان خۆم بووم کە لەسەر شانۆگەرییەکەم نووسیبوو.

**ڕامان:** پێت نەگوت ئەوە خۆت نووسیوتە؟

**سەعدوون یوونس:** نا نا سەرەتا پێم نەگوت، بەڵام دواجار هەر پێم گوت. ئەوەدەم لەبەر یەک شت پێم نەگوت، چونکە دەیگوت ئەو نووسەرە لەسەر "قاسپەی کەو"یشی نووسیوە، "قاسپەی کەو"یش هەر بەرهەمی خۆمە، کە لە تەلەڤزیۆن بە پێنج بەش بڵاوکرایەوە. "قەڵای دمدم"یش هەر بەرهەمی خۆم بوو، کە لە تەلەڤزیۆن پەخش کرا، گوتی ئەوەی نووسیوبەتی کەسێکە زۆر بە هێمنی، زۆر بە جوانی دەنووسێ. سەرەتا پێم نەگوت، چونکە لە دڵی خۆم دەمگوت با لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکەیان بەردەوام بێ، هەر لەو خەیاڵەدا مابووم، بەڵام نازانم لە چ شانۆگەرییەک بوو، ئیتر ناچار بووم بیدرکێنم، وا بزانم داوای لێ کردم ئەو کەسە ببینێ، یان لێی داوا کردم کەسەکە ببەمە بەغدا، شتێک بوو لەو بابەتە، بۆیە هیچ چارم نەما، گوتم ئەو کەسە خۆمم، هەر زۆری لەلا سەیر بوو، گوتی من چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد.

**ڕامان:** ئەی کام بەرهەمەت بردە شاری بەغدا؟

**سەعدوون یوونس:** شانۆیی "هەبوو نەبوو" بوو، زۆر بە باشی پێشوازی لێکرا.

**ڕامان:** ئێستا لە قسەکانماندا لەو قۆناغەداین کە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، لەگەڵ سەیدا ساڵح یووسفی و د. مەعرووف خەزنەدار و کەسانی دی لە دەستەی بەڕێوەبردن دەست بەکار بووی، لەولاشەوە شەوان دەتخوێند و شانۆییشت هێنایە هەولێر و... تاد.

**سەعدوون یوونس:** بە ڕۆژیش لە فەللوجە مامۆستا بووم.

**ڕامان:** پێشتر باسی بەعقووبەت کرد؟

**سەعدوون یوونس:** لە بەعقووبە دەرسم نەدەگوتەوە، لە بەعقووبە لە قوتابخانە مامۆستای هونەر بووم، ئینجا کەوتمە چالاکیی قوتابخانەکان، لەوێ بوومە بەرپرسی هۆڵێکی نمایشکردنی شانۆیی، پاشان بووم بە بەڕێوەبەری تیپی شانۆی میللی لە بەغدا.

**ڕامان:** تۆ گوتت لە بەعقووبەوە یەکسەر گەڕامەوە هەولێر؟

**سەعدوون یوونس:** من کە ماڵم لە بەغدا بوو، هەموو ڕۆژ هاتوچۆی بەعقووبەم دەکرد، لە هەمان کاتیشدا لە بەغدا ئەندامی تیپی شانۆی میللی بووم، دوای ئەوە بوومە بەڕێوەبەری تیپەکە.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ڕەنگە ئەوە ساڵی ١٩٧٢ - ١٩٧٣ بووبێ، کە قوتابی بووم، بەڕێوەبەری کارگێڕی تیپەکەش بووم، تیپی شانۆی میللی، جەعفەر سەعدی بەڕێوەبەری بوو، ئەدیب ئەلقلیەچی جێگری بوو لەگەڵ تەها سالم و ئەوانە لەوێ بوون.

**ڕامان:** لەو دواییانەدا موحسین ئەلعیللی شانۆی میللی بەڕێوە نەدەبرد؟

**سەعدوون یوونس:** ئاخر ئەوە هی حکوومی نییە، ئەوە تیپی شانۆی میللی "المسرح الشعبي" بوو، دوایی بە "مسرح الستين كورسي" بەناوبانگ بوو، عەبدولوەهاب ئەلداینی بەڕێوەی دەبرد، کە خۆی ئەندامی دەستەی کارگێڕی شانۆی میللی بوو، ئەو ئەرکەیان پێ سپارد تا سەرپەرشتی کار و پرۆژەی هونەریی لاوەکان بکرێ، بە تایبەتی ئەو کارانەی لاوان کە نەدەکرا لە شانۆ گەورەکان پێشکەش بکرێن. وای لێهاتبوو ئەو دەمی ژنیشم هێنابوو و منداڵیشم هەبوو، شەواوشەو منداڵی خۆم دەدی، هەموو کاتەکانم پڕ ئیشوکار بوو، لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیش کارم دەکرد، ئینجا وەرە ئەوە هەمووی لێک بدەوە و بزانە چی لێ دەردەچێت، عاشقایەتیشم دەکرد.. (بەپێکەنینەوە).

**ڕامان:** کەی بوو کاری دووەمت هێنایە شاری هەولێر؟ باسێکی ئەوەشمان بۆ بکە.

**سەعدوون یوونس:** کاری دووەمم هەر لە هەولێر بوو، کاک تەڵعەت سامان "جەنگاوەرێکی شێت"ی نووسیبوو، کارمان لەسەر ئەوە کرد.

**ڕامان:** ئەوەیان ساڵی چەند بوو؟

**سەعدوون یوونس:** ئەویش ١٩٧٠ - ١٩٧١ بوو.

**ڕامان:** خۆی ئیشەکەی کردبوو؟ یان تەنیا نووسیبووی؟

**سەعدوون یوونس:** من هەقم نییە لەجیاتی ئەو قسە بکەم، بەڵام تەڵعەت سامان لە سەرەتاوە ئەوەندەی من ئاگادارم و کارم لەگەڵ کردبێت، زیاتر حەزی لەوەبوو بنووسێ، حەزی لێبوو کارەکانی خۆی بنووسێ و کاری دەرهێنان نەکا.

**ڕامان:** بەڵێ، بەڵام زۆربەی کارەکانی کە نووسیونی، خۆی دەریانی هێناون.

**سەعدوون یوونس:** بەڕای من هۆیەکەی ئەوەیە دەرهێنەری بەدەست نەدەکەوت، بە ملیدا دەهات ئەوەی دەکرد. کاتێ (جەنگاوەرێکی شێت)ی نووسی، من قوتابی بووم، بە منی گوت تۆ لە دەرهێنان باشی، بۆ نایەی ئەو دەقەم بۆ دەرهێنی؟ دوایی (فەرهاد شەریف)یش لە بەغدا لەگەڵ من بوو، گوتمان با هێندێک شتەکانمان نوێ بێ، گوتم وەرە با بە دووقۆڵی کاری دەرهێنانی ئەو شانۆگەرییە بکەین.

**ڕامان:** میتود و تێڕوانین و خولیای دەرهێنانتان یەک بوو؟

**سەعدوون یوونس:** گرفتێکمان نەبوو، لێک تێگەیشتن لەگەڵ فەرهاد شەریف زۆر ئاسان بوو، بەڵام هەر کارێک بێ، دەبێ من خۆم بسەلمێنم، چارە نییە. بتەوێ بە عەدالەت، یان بە دیموکراتییەت کار بکەم، هێندێک زەحمەتە، لەلای من کاری هونەری، واتە جۆرێک لە دیکتاتۆرییەت و سەپاندنی ڕای خۆت. با واقیعیانە قسە بکەم، هەستم دەکرد ئەو ناوانەی هەن لە ئاستی توانایی مندا نین، توانایی من زۆر لە هی ئەوان گەورەتر بوو، یان دەمگوت با بێ کارم لەگەڵ بکات و شت فێر بێت، بەو شێوەیە کارم دەکرد.

**ڕامان:** مامەڵەت لەگەڵ (سەفوەت جەڕاح)یش هەر وابوو؟

**سەعدوون یوونس:** سەفوەت جەڕاح قۆناغێک هاتەوە هەولێر و ئاوا ڕووبەڕوو پێم گوت، گوتم ئێستا تۆ دەبێ شت لە من فێر بیت.

**ڕامان:** باسی شانۆیی (جەنگاوەرێکی شێت)مان دەکرد، ئەوەم بۆ تەواو بکە.

**سەعدوون یوونس:** لە هەولێر نمایشمان کرد و چووین لە شەقڵاوە هەمان شانۆگەریمان پێشکەش کرد، چونکە دەمگوت با ئێمە بکەوینە ناو خەڵک، دوایی چووینە ڕواندز، ئینجا هاتینەوە.

**ڕامان:** لە شەقڵاوە و ڕواندز چەند ڕۆژ پێشکەشتان کرد؟

**سەعدوون یوونس:** هەر شوێنێک یەک ڕۆژ بوو، چونکە شانۆیەکی کراوە بوو، لە شەقڵاوە لە گۆڕەپانێکی کراوە کردمان، گوتمان چەند خەڵک کۆ دەبێتەوە، با کۆ بێتەوە. لە ڕواندز لە گردێک کردمان، لەوێش گوتمان

چەندی خەڵک دێن بابێن، بۆچوونمان وا بوو خەڵک فێری بینینی شانۆ بێ.

**رامان:** لە تیپی شانۆی لادێ کاری زۆرت کردووە و جێ دەستت دیارە.

**سەعدوون یوونس:** تیپێکی شانۆیی تازە دانرابوو، ناوی شانۆی لادێ بوو، یەکەم کەس چووم لەوێ وەک دەرهێنەر لە سێ چوار شانۆگەریدا کارم کرد.

**رامان:** ئەو کاتە هەر لە بەغداوە دەهاتیتەوە و لێرە کارت دەکرد؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، دەهاتمەوە ئێرە و لەگەڵ برادەران کارم دەکرد. باوەڕ ناکەم لادێ لە کوردستان، لە دەوروپشتی هەولێر مابێ، کە من ئەو تیپەم بۆی نەبردبێت. لە پشت دیواری مزگەوتان شانۆمان دەکرد، خەڵک لە مزگەوت دەهاتنە دەرێ، دەمانگوت وەرە چاو لە شانۆ بکە، جموجوولێکی زۆرم هەبوو. زەمان ڕۆیی سەفوەت جەڕاح هاتەوە ئێرە شانۆگەری "سورمە خانی" کرد، منیش وەک ئەکتەر بە بینینی دەوری سەرەکی بەشداریم تێداکرد، پاشان "خاتوو کلاوزەڕ"، ئەو لەگەڵ من دەوری هەبوو. ویستی ئیشێکی تەلەڤزیۆنی بکات بە ناوی "مەرزی و کاکەمین" کە سێ بەش بوو، ئەوە مامۆستا چەتۆ حەسەن نووسیبووی، بە منی گوت دەبێ لەگەڵم بیت، من گوتم باشە. گوتی ببە بە یاریدەدەری دەرهێنەر، وێنەگرتنەکەش هەر خۆت بیکە، کاری وێنەگریشم لە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆمدا کردووە، ئیتر پێکەوە کاری هونەریمان کرد.

**رامان:** هیچ جارێک لەگەڵ ئەو مامۆستایەت ساردی کەوتووەتە نێوانتانەوە؟

**سەعدوون یوونس:** لە کاتی تۆمارکردنی (مەرزی و کاکەمین) دیار بوو لە یەکێک لە دیمەنەکان لێک تێنەگەیشتنێکی گچکە پەیدا بوو، ئەو وەک دەرهێنەر ویستی ڕای خۆی بسەپێنێ، کە وەک دەرهێنەر مافی خۆیەتی ئەوە بکات، من گوتم پێت دەڵێم تۆ دەبێ شت لە من فێر بی، ئەکتەرەکانیش هەموویان ڕاوەستابوون، لە گوندێک بووین لە پشت مەسیف خەریکی وێنەگرتن بووین، گوتم ڕاستە تۆ مامۆستای منی، بەڵام ئەو قۆناغەی ئێستا جیاوازە، تۆ ئەوە یەکەم کاری تەلەڤزیۆنیتە، گوتی بەڵێ وایە، من ڕازی بووم ببمە یاریدەدەری دەرهێنەر، قەت لە ژیانی خۆم وێنەگرییش ناکەم، تەنیا لە بەرهەمی خۆمدا نەبێ، من ئەوانە دەکەم، چونکە مامۆستای منی، بەڵام لێرە دەبێ شت لە من فێر بی، ئەگەر دەتەوێ ئەوە فێر دەبی، ناتەوێ ئەوە فێر نابی. گوتی دەمەوێ لێت فێر بم، کە بەرهەمەکە تەواو بوو و مۆنتاژ کرا، گۆرانییەکانی هی هاوتا ئەسعەد بوون، لە مۆنتاژ گوتی بە قەناعەتی من با ناوی دەرهێنەرەکەی بگۆڕدرێت و ناوی تۆی لەسەر بنووسرێت، چونکە تۆ ئیشەکەت کردووە. گوتم نا، ئەوە هەڵەیە، تۆ دەرهێنەری. من لە هەموو ژیانم لە مافی خۆم خۆش نەبووم، نە لە وەزیفە، نە لە هونەر و نە لە هیچ شتێک، کە شتێک بە مافی خۆم بزانم، هیچ تەنازول لە مافی خۆم ناکەم.

**رامان:** هەستت کرد لەوێ تەنازولت لە مافی خۆت کردووە؟

**سەعدوون یوونس:** نا، من هەمیشە هەستم دەکرد قەرزداری ئەوم، ئەگەر سەفوەت جەڕاح نەبوایە، ئەم سەعدوون یوونسە نەدەبووم.

**رامان:** ئەو یەکەم کەس بوو دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردووی.

**سەعدوون یوونس:** بە قەناعەتی خۆم ئەو نەبوایە، من نەدەبووم.

**رامان:** ئەو وەفا و پێزانینە جوانە.

**سەعدوون یوونس:** قەت لەبیری ناکەم. ئێستا لەگەڵ کوڕەکەی (ڕەئفەت) لە ئەڵمانیا پرۆژەی هونەریمان هەیە.

**رامان:** بێجگە لە کارئاسانیی کارگێڕی، وەک جێکردنەوەی تۆ لە بەغدا، بانگیشی کردووی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بخوێنی و گوتوویەتی ئەو لاوەم بەبێ تاقیکردنەوە بۆ وەربگرن، ئەی وەک لایەنی نواندن و تەکنیکی نواندن، یان کاری دەرهێنان و لایەنی هونەری، هیچی لێ فێر بووی؟

**سەعدوون یوونس:** نا زۆر کلاسیکی بوو. دڵسۆز بوو، بەڵام کەسێکی کلاسیکی بوو.

**رامان:** وەک ئاگادارم خوێندنەوەشی زۆر کەم بوو، لە دنیای داهێنان و هونەردا دڵسۆزی هەموو شتێک نییە، بەدواداچوون و بەخششی بەردەوام و خۆ نوێکردنەوە پێویستە.

**سەعدوون یوونس:** با ئەو ڕاستییەش بڵێین، ئەو پەنجەمۆری لەسەر هونەری کوردی بەجێ نەهێشت.

**رامان:** لە هونەری شانۆ و درامای تەلەڤزیۆنیدا نەبووە ڕەوتێک.

**سەعدوون یوونس:** هەڵبەت هەموو جارێ ئەوەیان پێ

دەگوت، وەڵامی ئەو ئەوەبوو دەیگوت من هیچ گرفتم نییە، من (سەعدوون یوونس)م هەیە. دەیگوت ئەگەر لە ژیانمدا هیچم نەکردبێت، دەستگیرۆیی ئەوم کردووە. منی بە بەرهەمێکی زۆر گەورەی خۆی دادەنا.

**ڕامان:** وەک بزانی کەسی دیکەی وەک تۆی پێ گەیاندووە، یان دەستگیرۆیی هیچ کەسی دیکەی کردووە؟

**سەعدوون یوونس:** نەخێر، ئەوانەی کە کاریان لەگەڵ دەکرد، خۆیان هەبوون، بۆیە نەیدەتوانی کەس پێ بگەیەنێ، کەسیش نەچووە بەغدا شان بە شانی بوەستێ، ڕۆژی چاوپێکەوتن کە چووم، لەگەڵم بوو، من خولیاکەم هەبوو، پلانیشم هەبوو، کاریشم بۆ کرد و قوربانیشم بۆ دا، تا لەسەر پێی خۆم ڕاوەستام.

**ڕامان:** ئینسان کە ئاوڕ دەداتەوە، هەمیشە یەکێک هەبووە پشتیوانی لێ کردووە و دەستی گرتووە بیخاتە سەر پێی خۆی، لە ژیانی هونەری خۆتدا هەوڵت داوە کەس بخەیتە سەر پێی خۆی؟

**سەعدوون یوونس:** ئەو کاتانەی کە بەرپرسیارەتیم هەبووە، من دەرگام کردووەتەوە، من وام کرد تەحسین عەلی شەعبان بێتە ناو شانۆ. هاشم زەینەل من دەرگام بۆ کردەوە، تەنانەت شێرزاد عەبدولڕەحمان، من هانم دا و گوتم وەرە بۆ شانۆ بنووسە، ئەوەبوو شانۆگەریی "وەلی دێوانە"ی نووسی.

**ڕامان:** ئەی حەیدەر عەبدولڕەحمان وەک نووسەری بواری شانۆ؟

**سەعدوون یوونس:** شێرزاد وەلی دێوانەی نووسی و پێشکەشم کرد، دەوری وەلی دێوانەشم بینی، من پاڵپشتییەکی گەورەم لە (حەیدەر عەبدولڕەحمان) کرد، کە (ئاسکە)ی بۆ تەلەڤزیۆن نووسی و وەک دەرهێنەر کارم تێدا کرد، دواییش شانۆگەرییەکی بۆ منداڵان هێنا، من وەک ئەکتەر کارم تێدا کرد. زایەر عەبدوڵڵا لە کارەکانی من وەک ئەکتەر بەدیار کەوت، هەروەها سەلام کۆیی، ڕاستە لەگەڵ خەڵکانی دیکە کاری کردووە، بەڵام بەرهەمە بەرچاوەکانی کە بۆی بمێنێتەوە لەگەڵ من بووە. ئیسماعیل قادر کە ئێستا لە کۆیەیە، لە زۆربەی بەرهەمەکاندا بەشداری کردووە، یەکەم بەرهەمی لەگەڵ من بووە، جەلال بەیار، فەیسەڵ محەمەد ساڵح، عەلی ئەحمەد لەگەڵم بوون. ئەمڕۆ لەگەڵ کامەیان دابنیشیت، خۆی دەڵێ پەنجەمۆری سەعدوون یوونس لەسەر هەموومان دیارە.

**ڕامان:** بەڵام ئەوان بە پلەی یەکەم باسی (سەباح عەبدولڕەحمان) دەکەن کە بەهرەکانیانی ناساندووە.

**سەعدوون یوونس:** بە پلەی سەرەکی باسی سەباح عەبدولڕەحمان دەکەن، پیاو دەبێ واقیع بڵێت، بەڵام بەردەوامبوون و گەشەپێدانیان لەگەڵ من بووە، چونکە سەباح عەبدولڕەحمان لە شانۆ کشایەوە.

**ڕامان:** ئەو ناوانەی تۆ باست کردن، ئەوانە بۆ تۆ ئەکتەری ئامادەکراو بوون.

**سەعدوون یوونس:** نا، ئامادەکراو نەبوون.

**ڕامان:** بەهرەی ئەوانە بۆ یەکەم جار لەلایەن سەباح عەبدولڕەحمان بە بینەران ناسێنرا.

**سەعدوون یوونس:** من (قاسپەی کەو)م کرد، هونەرمەندان: عەلی ئەحمەد، ئیسماعیل قادر، دڵپاک تاهیر، خالید بەرزنجی لەگەڵم کاریان کرد.

**ڕامان:** ئەوەی تۆ لە (قاسپەی کەو) کردت دواترە، بەڵام ئەوان لە (مارەیی) و (چلپاو) و (مەسەلەی شارێک) و کارەکانی دی لە تەلەڤزیۆن دەرکەوتن.

**سەعدوون یوونس:** ئاخر بەو شێوەیە نەبوون، عەلییە فەندی، یەک دنیا بەرهەمی کردووە، بەڵام من (کۆلارە)م بۆ کرد، پاشی کۆلارە لە تەلەڤزیۆن قسەی کرد، گوتی من سی ساڵە تەمسیل دەکەم، بەڵام لە سەعدوون یوونس فێر بووم، ئەو وای کرد ئێستا بزانم تەمسیل چییە. تەماشای (کۆلارە) بکە و تەماشای هەموو بەرهەمەکانی دیکەی عەلییە فەندی بکە، هەست دەکەی ئەو لەگەڵ کامێرا و ئیشکردن شێوەیەکی دیکەیە، تۆ لەو بەرهەمانەی عەلی ئەحمەد لەگەڵ منە تەماشا بکە.

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێیت سەرلەنوێ کەشفت کردوونەتەوە؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە هەمووی دەبێتە سەرلەنوێ کەشفکردنەوە. بۆ نموونە زاهیر عەبدوڵڵا کاری کردووە، بەڵام زاهیر عەبدوڵڵا لە (ماڵی نوێ) و لەو بەرهەمەی (محەمەد و سێوێ) و (مەڕانە) شتێکی دیکەیە.

**ڕامان:** من لەبیرمە یەکەم جار زاهیر عەبدوڵڵا لە شانۆیی پاڵەوانی ئاخر زەماندا، کە خۆی و (بەفرین)ی خوشکی هاتنە لای تۆ وەک ئەکتەر ئیشیان کرد.

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، لە (شەوچرا)ش ڕۆڵی سەرەکیم دایێ، ئیسماعیل قادر لە (قاسپەی کەو)، لە پێنج ئەڵقەدا دەوری سەرەکیم دایێ، خالید بەرزنجی،

ئەوانە خۆیان لە تەلەڤزیۆندا باسیان کردووە، غازی غەفوور لە تەلەڤزیۆندا گوتی من کاری زۆرم کردووە، بەڵام لە کارەکانمدا ئەوانەی کە هەست بکەم هونەرمەندانە کارم لەگەڵیان کردووە، تەنیا لەگەڵ سەعدوون یوونس بووە، چونکە نەمهێشتووە شت بەسەریاندا تێپەڕێ، کارم بەوەوە نییە، کە ئەزموونی هەیە، یان نییە، من وەک ئەکتەرێک وەریدەگرم، کە چۆن لەسەر شانۆ، یان لە پێش کامێرا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەم، بۆیە هیچ هونەرمەندێک لە هەولێر نییە کاریگەریم بەسەرییەوە نەبووبێ.

**ڕامان:** کەواتە لە ڕووی دەستگیرۆییکردن و دروستکردنی بەهرەی ئەو هونەرمەندانەوە، تۆ هەست بە دریغی ناکەی؟

**سەعدوون یوونس:** بەهیچ شێوەیەک، زۆریشم بۆیان کردووە، تا ئێستاش بەردەوامم. لە شانۆ، هەروەها لە درامای تەلەڤزیۆنی، تەنانەت لە سینەماشدا، ئەو فیلمەی کە کردم، ئەیام ئەکرەم و گۆڤار ئەنوەرمان بۆ بەشداریکردن لە فیلمەکە هێنا، خەڵکانێک پێیان وابوو ئەو فیلمە ڕێرەوێکی دی بەخۆوە دەگرێت، چونکە ئەوان خۆیان ستایلێکیان لە نواندن هەیە، فیلمەکە لە سینەما و تەلەڤزیۆنەکان پەخش کران، ماوەتەوە لە سلێمانی و کەرکووک و لە دهۆکیش دووبارە پەخش بکرێتەوە و ببینرێ، بەڵام ئەو بارودۆخە ئیجازە نادا، هەموو خەڵک دەڵێن ئەو دوو ئەکتەرە کارەکانیان نوێیە، خۆشیان دەڵێن لەگەڵ سەعدوون یوونس کارکردن تامێکی دی هەیە.

**ڕامان:** کاری یەکەمت (چیرۆکی شۆڕشێک) کە لە هەولێر کردت، لەگەڵ کاری دووەمت، ئەوەکەی تەڵعەت سامان، لەڕووی پێشوازیکردنی بینەر و دیکۆر و دەرهێنان و نواندنەوە، جیاوازییەکانیان چی بوو، هەست بە جیاوازییەکەیان دەکەی؟

**سەعدوون یوونس:** (چیرۆکی شۆڕشێک) یەکەم بەرهەم بوو، بەڵام شێوەی کارکردنەکەی زۆر لەوەی دووەم بەرزتر بوو، لەبەر ئەوەی بەرهەمی دووەم، لە لاوانی دیموکرات، یان قوتابیانی دیموکرات کردیان، بە ڕێگای ڕێکخراوێکی ئاوەڵە بوو، تەڵعەت سامان ئیشەکەی لەوێ کرد.

**ڕامان:** مەبەستت یەکێتیی لاوانی دیموکراتە.

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، یەک لەو ڕێکخراوانە بوو، بەڵام دەستتێوەردان هەبوو، بەرپرس هەبوو وایدەزانی لە کاری هونەریی تێدەگات، دەستێکی زۆری تێوەردەدا، لەبیرمە دەمانویست ڕۆژی دووەمیش لە ڕواندز پێشکەشی بکەین، بەڵام کە بینیم دەستتێوەردانی تێدایە، وەک دەرهێنەرێک تیپەکەم بەجێ هێشت و گوتم نابێ هەر کەسێک بێ و شێوەی کارەکەم لێ تێک بدات، من بەجێم هێشتن و ئەوان مانەوە و پێشکەشیان کرد، کە ڕۆیشتم گوتم پێوەندیی بە منەوە نەما.

**ڕامان:** چۆن دەوری تۆیان چارەسەر کرد؟

**سەعدوون یوونس:** من لە کارەکەدا تەنیا دەرهێنەر بووم، دەورم نەبوو، بەجێم هێشت، بەڵام (چیرۆکی شۆڕشێک)، یەکەم بەرهەم بوو، خاوەنی قسەی یەکەم و دوایی هەر خۆم بووم.

**ڕامان:** پێشوازی خەڵکەکە لەوەی دووەم چۆن بوو؟

**سەعدوون یوونس:** دیسان دەڵێم هی یەکەم زیاتر بوو، لەبەر ئەوەی بەرهەمی یەکەم شێوەی پێشکەشکردنی لە هۆڵێکی داخراو بوو، بە بلیت دەهاتنە ژوورێ، لەگەڵ ئەوەی بیبەی بۆ جێیەک و وەک چالاکییەکی گەنجان پێشکەش بکرێت و بێ بلیت بێت و دەرگا کرابێتەوە، جیاوازییەکی زۆری هەیە.

**ڕامان:** تۆ وەک چاودێرێکی کاری هونەری، کە لە کوردستان چاودێریی سەرجەم بزاڤە شانۆییەکەت کردووە، دەوترێ سلێمانی بزاڤی شانۆیی تێدا چالاکتر و باشترە، ژمارەی کارەکانیان زۆرترە و جۆر و کوالیتیشیان باشترە، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا بکەی، ئەوە چۆن دەبینی؟

**سەعدوون یوونس:** من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم، لەبەر ئەوەی بینەری سلێمانی جیاوازی هەیە، بینەر لەوێ دەورێکی گەورەی بۆ شێوەی پێشکەشکردنی شانۆ هەیە، بۆیە بینەری سلێمانی جیاوازترن، بزاڤی ڕۆشنبیری لە سلێمانی چالاکترە، بەڵام لە درامای تەلەڤزیۆنیدا ماوەیەکی زۆر هەولێر لە پێشەوە بوو، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئێمە لەناو خەڵکدا بوون.

**ڕامان:** ئەوانەی هەولێر زیاتر خۆماڵی بوون، هی سلێمانی زیاتر وەرگێڕان و ئامادەکردنی بەرهەمی جیهانیی بوون.

**سەعدوون یوونس:** من جارێک لەگەڵ هونەرمەند جیهاد دڵپاک لە هۆڵێکدا تووشی مشتومڕێکی وابووم، ئەحمەد سالار لەوێ بوو، گوتم لای من ئاسانە شانۆگەری جیهانیی پێشکەش بکەم، چونکە بە هەر شێوەیەک

بتـــەوێ دەتوانی دیکۆرەکـــەی بکەی و جلوبەرگ لەبەر ئەکتـەرەکـانی بکرێ، بەڵام وەرە من حـەیرانی حـەسـەن سیـسـاوەیی دادەڕێژمـەوە و دەیکەمـە شـانۆگـەرییـەک و دەیخـەمـە سـەر شـانۆ و دوایی دەچم بە کـامێـرا لەولای ئاکرێ و دهۆک بۆ تەلەڤزیۆن وێنەی دەگرم، ئەوە کارێکی زەحـمـەتە، چونکە تۆ کـە کـارێکی خـۆمـاڵی دەکـەی، لە ناوچەی هەریر وێنەی دەگـــری، هەر چۆن دیکۆری بۆ بکەی، تووشی ڕەخنەیەکی زۆر دەبیـتـەوە، بە تایبـەتی ئەگـــەر تۆ لە خـــەڵکەکـــە نزیک نەبیت، بەڵام کـــە شانۆگەرییەکی شەکسپیر دەکەیت، چ گرفتێکی تێدایە چۆن دیکۆرەکـــەی دەکـــەی؟ چ جلوبەرگـــێک لەبەر ئەکتەرەکان دەکەی؟ چۆن دەنگیان هەڵدەبڕن؟ بەڕای من ئەوە شتێکی ئەوەندە قورسی تێدا نییـە، قـورسەکـە لە خۆمـاڵییـەکەدایە، تۆ بتـەوێ هونەری کـوردی بکەیتـە جیهانی، جیهانیەتیی هونەری کوردی بە خۆماڵییەتیدا تێدەپەڕێ.

**ڕامـــان:** بە بۆچوونی تۆ شـانۆ لە دەقـــەوە دەست پێ دەکات، یان لە ئەکتەرەوە، یان وەک هێندێک هونەرمەند دەڵێن لە میتودی تایبەتی دەرهێنەرەوە دەبینرێ؟

**ســەعـــدوون یوونس:** دەق لە هەمـــوو بەرهەمـــێکی هونەریدا بناغـەیە. چۆنیـەتی هەڵبژاردنی دەق بناغـەی کـارکـردنە، چۆنیـەتی هەڵبـژاردنی تێکست سـەرەتای سەرکەوتنی گۆرانیبێـژە، هیچ شتێک بەبێ تێکست سەرکەوتوو نابێ، تەنانەت ئەوانەی دیالۆگیشیـان تێدا نییە، لە بنەڕەتدا بە تێکستێک نووسراون.

**ڕامان:** لەو ساڵانەدا بە کارتێکەریی سەلاح قەسەب و هونەرمەندانی عێـراق شتێکی وا پەیدا بوو، سـەلاح قەسەب دەچوو قەسیدەیەکی خەزعەل ماجدی (عزلة في كريستال) دەهێنا و شـانۆییـەکی وێنەیی لێ دروست دەکـرد، لە سلێـمـانیش گـرووپێکی وا پەیدا بوون کـە ئیمانیان بە دەق نەمابوو، دەیانگوت دەق پێویست نییە، دەتوانین هەر لەسەر شانۆ هێندێک ڕستە و دەستەواژە بڵێینەوە و بەکاربێنین، تۆ دەڵێی چی؟

**سەعدوون یوونس:** ئەوە شانۆی دەستەبژێر (نوخبە) بوو، ئەوە جۆرە شانۆیە زوو دەمرێ و نابێتە شانۆ.

**ڕامان:** بەڵام ئەوەی کە مراندی، بێجگە لەوەی کە دەق نەبوو، نەبوونی جیهانبینی و دیدگا بوو.

**سەعدوون یوونس:** ناکرێ بەبێ تێکست کار بکرێ، تێکست دەوری سەرەکی لە شانۆدا هەیە.

**ڕامان:** ئەی دەوری ئەکتەر لەو هاوکێشەیەدا چییە؟

**سـەعـدوون یوونس:** ئەکتـەر لە شـانۆدا زۆر گـرنگە، جیـهـانبـینی نووسەر لای دەرهێنەرێک کە وەریدەگرێت، ئەو جیـهـانبـینییـە نامێنێ، نووسـەر نامێنێ، هەمـوو جیـهـانبـینییـەکـە دەبێتـە هی دەرهێنەر، چونکە ئەگـەر دەرهێنەرەکە قەناعەت بەو جیهانبینییە نەکات، ناتوانێ ببێتە دەرهێنەری ئەو بەرهەمە، من ئاوا بووم، جارێک بە نووسـەرێکم گوت تۆ ئەگەر بێیتە پرۆڤەکان - پرۆڤەی "سـورمە خـان" بوو - ئەوە پراوەکە هیچ نرخ و بەهایەکی نامێنێ، چونکە هیچ شـتێک لەلای من نایخوا، ئەوەی نووسیوتە هەمووی کەوتووەتە ناو مێشکمەوە، ئێستا من دەرهێنەرم، کـــە تۆ ڕۆیشـــتی، دەڕۆی، دەنووسی و دەنووسی، کـەی چاپت کـرد، ئەوە هی تۆیە، بەڵام ئەوەی سـەر شـانۆ و تەلەڤـزیۆن هی منە، ئینجـا ئەو ئەکـتـەرە دەبێـتـە وەرگـێـڕێک، ئاوێنەیەکی بیـروڕای تۆ، لەگـەڵ لێزیادکردنی بیروڕای خۆیشی، بەڵام ئەکتـەری ئێمـە لە پرۆسـەی لێـزیادکـردنی خـۆی زۆر لاوازە، دەبێ دەسـتی بگری، لەگەڵ ئەوەش ئەکتەری خاوەن تواناییمان هەیە.

**ڕامان:** ئێـمـە ئەکـتـەری بەهرەدارمـان هەیە، ئەوە زۆر گـرنگە، باسی سـەلام کـۆیی و جـەلال بەیار و فـەیسـەڵ محەمەد سالح و ئیبراهیم حەکیم و عەلی ئەحمەدت کرد، ئێستا ئەو بەهرانە چۆن دەبینی؟

**سـەعـدوون یوونس:** بەڵێ، عـەلی ئەحـمـەد، زاهیـر عەبدوڵڵا، فەیسەڵ محەمەد سالح، ئیبراهیم حەکیم، سـەلام کـۆیی، ئەوانە لەبەرانبـەر کـامێـرادا تواناییـان هێـندێک دادەبـەزێ، بەردەوام نـەبوون ئـەو حـــاڵـەتە دەکـوژێت، لەوانەیە هونەرمـەند سـاڵی جـارێک لە بەرهەمێکدا بەشداری بکات و بڕوا، ئیـدی تا سـاڵێکی دیکە نایبینیتەوە، چونکە بەرهەم نییـە، دەزگـا نییـە، کولتوورت جێگای خۆی لەناو خەڵکدا نەکردووەتەوە.

**ڕامان:** ئەو کەلێن و کەموکوڕییانە خەتای کێیە؟

**سـەعـدوون یوونس:** خـەتای حکوومـەت و خـەڵکە، خەڵکیش تاوانبارن.

**ڕامـان:** تۆ چاکت پێکا، بەڵام سـەرەڕای ئەوەش من دەبیـەمـەوە سـەر ئەو توێژەی کـە بایەخ بە شـانۆ دەدەن، ئەوانیش هێندێک جـار خـەتابارن، حکوومـەتیش پشت ئەستوورە بەبوونی داوودەزگایەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشنبـیـری بەشـێکی بۆ شـانۆ داناوە، بەشی دیکە بۆ سینەما هەیە، بەشی مۆسیقاش لەولاوە دانراوە،

من پێش ئەو قەیرانە داراییە دەمبیست پارەی ئەستوور و چاک بۆ هێندێ کەس خەرج دەکرێت، بەڵام دەچوون دەستاودەستیان پێ دەکرد و دەیانفرۆشتەوە، دەستی دووەم و سێیەم و نازانم چی و چی هەبوو.

**سەعدوون یوونس:** ئەوە زەمانێک بوو، دیارە نەبوونی پلان، نەبوونی سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی هەموو کارەکان، نەک هەر تەنیا ڕۆشنبیری، تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت و وڵات سیستەمێک نەبووە، ژیانی حزبایەتیش لە کوردستاندا زاڵە، ئەو حزبایەتییە زەرەرێکی زۆری بە کولتوورەکان گەیاندووە، بەتایبەتی کولتووری کوردی.

**ڕامان:** ئەی دەوری وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ لەو بوارەدا چییە؟

**سەعدوون یوونس:** بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ، لە کاتی خۆیشیدا ئیشی باش بوو، لەو قەیرانی داراییەدا یەک سوودمان لە بواری هونەر لێ وەرگرت، خەڵکەکە دەزانێ، هونەرمەندەکەش ئەوە دەزانێ، ئیدی ئەگەر ئاوا دانیشێت تۆز دەیگرێت، بۆیە ئێستا ئامادەیە بۆ بەرهەم و کارکردن خۆبەخشانە کار بکات، من لەو ماوەیەدا شانۆگەرییەکم بینی خۆبەخشانە بوو.

**ڕامان:** ئەوەی ئەو ڕۆژە لە هۆڵی ڕۆشنبیری و هونەر هونەرمەند ئەرسەلان دەرویش کردبووی و تۆم لەوێ بینی؟

**سەعدوون یوونس:** بەڵێ، ئەوە خۆبەخشانە بوو.

**ڕامان:** ڕاستە، سپۆنسەری نەبوو.

**سەعدوون یوونس:** سپۆنسەر بۆ بەرهەمی هونەری هەر نابێت، کاتی خۆی لەوانەیە ئەو بەرهەمە بە پارەیەکی زۆریش بەو شێوەیە دەرنەچووبێ، ئەو قەیرانەش دەورێکی ئەرێنی هەبوو.

**ڕامان:** بە زۆری ئەوە دەکەوێتەوە سەر حەماسەتی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ کاری شانۆ هەیانە.

**سەعدوون یوونس:** هونەرمەندی کورد دڵسۆزە، تا ڕادەیەکی زۆر بۆ کوردایەتی دڵسۆزە.

**ڕامان:** تۆ وەڵامی ئەوەت نەدامەوە لەگەڵ ئەو جیاوازییەی دەستنیشانمان کرد، هەولێر زۆرتر بایەخی بە دەقی کەلەپووری و دەقی خۆماڵی و ئەو ڕێچکەیە داوە، کە ئەوە زۆرتر لە جەماوەر و میللەتەکەی خۆیەوە نزیکە، ئەمە هەڵقوڵاوی ناو خەڵکی خۆیەتی، لەگەڵ ئەو شانۆنامە و کارانەی لە سلێمانی دەکران، کە بە پلەی سەرەکی وەرگێڕان بوون، بەڵام دەڵێن شانۆ لە سلێمانی پێشکەوتووترە تا هەولێر، تۆ وای دەبینی؟

**سەعدوون یوونس:** ئێستاش وای دەبینم.

**ڕامان:** بۆچی ئەوێ پێشکەوتووترە؟

**سەعدوون یوونس:** بێگومان تێگەیشتنیان بۆ هونەر باشترە، کادیریان باشتر و چالاکترە.

**ڕامان:** ئەوە هی دامەزراوە هونەرییەکانیانە، کە دەورەکەیان باشە، یان هونەرمەند و ئەکتەری زۆر باشیان هەیە؟

**سەعدوون یوونس:** کۆمەڵگای سلێمانی لە هی هەولێر جیاوازە، ئێستاکە تۆ بچۆرە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، لە بەشی شانۆ زۆربەیان ئافرەتن، من ئەوەم لەلا سەیرە، بەڵام لە هیچ شانۆیەک و لە هیچ بەرهەمێک بەشداری ناکەن، مەبەستیان ئەوەیە ببنە مامۆستا و بڕۆن. هەڵبەت هەموویان وا نین، بەڵام زۆربەیان وان، تۆ بچۆ لە سلێمانی زۆربەی ئەوانەی دەچنە بینینی شانۆییەک، تەنانەت ئافرەتەکانیش بە زەوقێکەوە دەچن، بە بەهرە و سەلیقەیەکەوە دەچنە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بۆ ئەوەی لەسەر شانۆ بوەستن و کاری تەلەڤزیۆنی بکەن، نەک ببنە مامۆستا، کەچی لە هەولێر مەسەلەکە بەرەواژ و پێچەوانەیە، ژیانی کۆمەڵایەتیی هەولێر زۆر لە ژیانی سلێمانی موحافزکارترە، ژیانی کۆمەڵایەتیی سلێمانی کراوەترە، هۆشیار و تێگەیشتووترە، ڕووناکبیرترە.

**ڕامان:** ئەو ژینگە و کەشوهەوایەش بۆ کاری شانۆیی و هونەریی لەبارترە.

**سەعدوون یوونس:** ئێستا زنجیرەیەک هەیە، تەکلیفیان لێ کردووین کاری لەسەر بکەین، دەبێ لە سلێمانی بیکەین. تۆ لە سلێمانی بتەوێ ٥٠ ئافرەت بێنی بەشداری بکەن، زۆر ئاساییە، ئەو پەنجایەی دەتەوێ، دەتوانی لە ناو ١٠٠ ئافرەتدا هەڵیانبژێری، بەڵام لە هەولێر ئەگەر (٣) ئافرەتت بوێ، هەر سێ ئافرەت هەیە، تۆ ناتوانی لەناو پێنجیان، سێیان هەڵبژێری.

**ڕامان:** ئینجا ئەوانە بەهرەدار بن، بەهرەدار نەبن، هەر ئەوانەن و تۆ مەحکوومی بەوەی بەو سێ کەسە ڕازی بیت.

**سەعدوون یوونس:** هەر ئەو سێ کەسە هەیە، ئەوەش دواکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە لە شاری هەولێر هەیە.